# ناوەڕۆك


- پێشەکی ١
- **بەشی یەکەم: مەرگ و چارەنووسی لەش و گیان ٣**
- مردن لای گەلان ٣
- چارەنووسی لەش پاش مردن ١٠
- چارەنووسی گیان ١٧
- **بەشی دووەم: گۆڕ و گۆڕستان ٢٧**
- گۆڕستان ٢٩
- گۆڕ ٣٧
- کورتە مێژوویەکی گۆڕ ٣٨
- (شێواز- فۆرم)ی گۆڕەکان ٤٢
- **بەشی سێیەم: ڕەمزی سەر گۆڕەکان ٧١**
- ڕەمز لەسەر کێلی گۆڕەکان ٧٣
- **بەشی چوارەم: نووسین لەسەر گۆڕەکان ١٠٥**
- نووسین لەسەر گۆڕەکان ١٠٧
- هەندێك نموونەی گشتی لەسەر نووسینی سەر گۆڕەکان ١١٠
- هەندێك لەو ئایەتانەی لەسەر گۆڕستان بەرچاو دەکەون ١١٧
- هەندێك لە نموونەی ئەو گۆڕانەی کە ئایەتیان لەسەر تۆمارکراوە ١٢١
- لە گۆڕستانی (چراغ) هەولێر ١٢٣
- لە گۆڕستانی شێخ محی الدین- کەرکووك ١٢٢
- لە گۆڕستانی سەیوان سلێمانی ١٢٣
- لە گۆڕستانی شاخکی دهۆك ١٢٣
- **بەشی پێنجەم: ئەدەبی سەر گۆڕەکان ١٢٥**
- ئەدەبی سەر گۆڕەکان ١٢٧





- نموونەی شیعر و نووسینی سەر کێلی گۆڕستانەکان ١٣٠
- گۆڕستانی دهۆك ١٣٠
- گۆڕستانی چراغ- هەولێر ١٣٣
- **بەشی شەشەم: مردن و داب و نەریتەکانی ٢٢٩**
- لە بارەی ئەو داب و نەریتانەی کە بەمردنەوە لکاوە ٢٣١
- داب و نەریتی مردن و تازیەباری لای ئێزیدییەکان ٢٣٤
- داب و نەریتی مردن و تازیەباری لە نێو موسڵمانەکان ٢٤٠
- لەسەرە مەرگدا ٢٤٠
- چۆنیەتی مردوو شووشتن ٢٤١
- چۆنیەتی کفن کردنی مردوو ٢٤١
- بەڕێ کردنی مردوو ٢٤٢
- نوێژی جەنازەو مردوو شووشتن ٢٤٤
- پرسە ٢٤٦
- چوونە سەر قەبران ٢٤٨
- مەبەست لەزیارەتی پیاوچاك و ئەولیا ٢٥١
- لاوانەوە ٢٥٣
- **پاشکۆی وێنەکان ٢٥٩**
- **پاشکۆی تایبەت بە مردن و گۆڕستانی مەسیحییەکان ٢٧٩**
- مردن لای مەسیحییەکان ٢٨١
- گۆڕستانی مەسیحییەکان ٢٨٤
- شێواز و نوسینی سەر گۆڕی مەسیحییەکان ٢٩٠
- نووسینی سەر گۆڕەکان ٢٩٩
- **ئەنجام ٣٠٥**
- سەرچاوەکان ٣٠٧

— سامان سوارە محمد لە ١٩٨٣-٢٠٠٣ کۆچی دوایی کرد

**خەباتم کرد بۆ گەلم**

**چرای ئاواتم زوو کوژایەوە        بەسەر بەرزی سەرم نایەوە**

— ملا کامل عزیز حمد رشید لە ١٩٨٦ شەهید کرا

**لای چەپ/ ژیانم بردە سەر خوایە        بەشادی بێ و ئەگەر غەم گێن**

**بەڵام هەر ڕوو لە قاپیت        بووم بە ئینسانێکی پۆڵایین**

**ئەوا ڕووم کردە دیوانت لە        دوا قۆناغی دونیادا**

**هیوام هەر خۆتە بم بەخشە        بە لوتفی خۆت ئەڵێم ئامین**

— فتح الله کریم (١٩٥٥- ١٩٨٦) شەهید کراوە

**هاوار لە ئێشی زامانم ئەم شەو        ڕەنگینە بەخوێن دامانم ئەم شەو**

**زامم بە ئێش و کاریە ئەم شەو        پیشەم ناڵین و زاریە ئەم شەو**

**هەر ناڵەی منە دەنگی دایەوە        لە گوێی عالەمدا زرنگایەوە**

**گریانی منە بەرد بە دەنگ دێنێ        بێ ئاگا لە خەو ڕاچڵەکێنێ**

**تکایە مەیشۆن جێی برینی لەش        با لەزام بتکێ تکەی خوێنی گەش**

**شهید بێ کفن و بێ شتن چاکە        هەر کەس شەهیدبێ بێگەرد و پاکە**

— الشهید لطیف احمد امین لە ١٩٨٦ شەهید کرا

**شینم گەلێ گێڕا شادیم کەم دیوە        خۆشی دەڵێن هەیە، بەڵام نەمدیوە**

**بولبولیش بم مادام قەفەسم تەنگە        زمانم لاڵە و نەغمەی شیعرم بێ دەنگە**

※ شەڕی قادسیە بووە هۆی قوربانی دانێکی یەکجار زۆرو ئاگر خۆشکەری ئەم شەڕە لاشەی ئەو شەهیدانە بوو کە بەسەدان شیعر لەسەر گۆڕەکانیان نوسراوەو ژمارەیەکی زۆری لە گۆڕستانی شێخ محی الدین لە کەرکوکدا هەیە، هەروەها کۆمەڵێك شەهیدی تر هەن کە پێشمەرگە بوونە یان ئەنفال کراون یا لەسێدارە دراون... هتد. کە ئەمانیش بەهەمان شێوە کۆمەڵێك شیعر لەسەر گۆڕەکانیان نووسراوە. بەڵام زۆر شتیش هەیە کە نەیانوێراوە بینووسن لە ترسی حوکمەتی بەعس لەو سەردەمانەدا.



— غازی امین باغەوان

**ڕاستە پەنجەی ناسۆر لەسەر کێلی بەختم هەڵبەستێکی چارەنووسی نووسی**

**ڕاستە ڕێگای بیست و هەشت ساڵی عومرم سەختە**

**بەهارێکی بەختیاری ناسەرکەوتووی دی**

— شەهید عبدالجبار سید کریم

**بکەین گریان و شیوەن و ڕۆڕۆ        بگرین تا ماوین بۆ باوکی ئاسۆ**

**هەر چەند ئەکەم دڵشاد نیم لە ژین        دنیام بۆ چییە لە دوای باوکی سوزان**

**خۆم ڕاگیر ناکەم زوو بوومە حەزین        حەیفە بمێنم لەدوای باوکی سۆران**

**لەکوێی ئەی جباری هێمن و لەسەرخۆ        خەم هاوڕێمانە لەدوای کۆچی تۆ**

**بیکە بۆ جوانی هاتنی بەهار        ڕامەکشێ لەژێر گڵی تەنگ و تار**

**لەگەڵ گڵ مەکە ڕازی تەنیایی        یادمان کەرەوە بۆ ماڵ ئاوایی**

**ئەی فەلەك دەخیلتم قەدری بزانە        ئازاری نەدەی جەبار میوانە**

**جەبار گیان بۆ زوو کۆچت کرد لە ژینا... هەر تۆم تەنها شك ئەبرد**

**جەبارگیان لەدوای تۆ خۆشیم نەما... هەرچی بتناسێ غەرقە لە غەما**

**من بێ چارە ڕاکشاوم گۆڕی تەنگ مەڵبەندمە**

**من کە دیلم چاو ئەگێڕم ئەلحەدم ئاسمانمە**

— عدنان کامل عبداللە لە ١٩٩٨ لە ئەمنی بەغدا لە سێدارە دراوە

**ئەو ڕێگایەی من گرتومە ڕێی... سەربەرزیە... ئەگەرچی سەریشم لە پێناوی دانـاوە.... بۆ گەل و هۆزم جێی شانازییە.**

**پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین**

**نامرن ئەوانە وا لەدڵی میللەتدا دەژین**

– محمد عبدالكريم احمد الشيخاني البرزنجي له ٢٠٠٠ كۆچی كردووه.

غەنیمەی عومرم بەبا چوو* ئەی فەلەك عەهدت نییە
من كە ئاخر هەر بەگڵ بم * دەستە گوڵم بۆ چییە

– طه عبدالله ولی ١٩٦٤- ١٩٨٥

پێش ماوەیەك زیندوو بوو ناوم    ئێستاش بمبینە لەكفن ئالاوم
مەگری دایەگیان پێبكەنە تاوێ    چونكە شەهیدم گریانی ناوێ

– سەركەوت خلیل قادر لە ١٩٨٩ كۆچی دوایی كردووە

كەس نەبوو تیماری زامی سەختم كایا    چۆرە ئاوێ لەزاری وشكم كا
لەسەر رێگای پێغەمبەرم    گەورەم رب العالمینە
هاتووم بۆ مەحكەمەی خوا    خۆی احكم الحاكمینە

من شەهیدم من شەهیدم شیوەن و گریەم بۆ مەكەن
بێ كفن بمنێژن چاو پڕ گریەم بۆ مەكەن
بەڵام هەردەم بێنە سەر گۆڕەكەم    با لەیادتان نەچێت یادگارە زۆرەكەم
هاتوچۆی زۆر ڕێی سلێمانی    بەشەو وبەڕۆژ كۆڵ نەدانم نەزانی
من هەموو كاتێ    سەر قافڵە بووم لەهەموو مەیدانێ
بەدڵێكی پاك كارم ئەكرد یەزدان پێی ئەزانێ
وەسێتم وایە چاوتان لە خونچەكەم بێ    هەم دوو كورپەكەم بێ ناز نەبێ
دایكە چونكە من بێ تاوان خوێنم ڕژاوە    بڕوا بكە بەهەشتی بەرز بەمن دراوە

– محمد حسین لە ٢٠٠٤ شەهید كرا/ لەسەر قەفەسەكەی نووسراوە

بۆم بلاوێنی وەكو قاسپەی كەو... كە ئەكەی سەیری شوێن و ڕوخسارم
سەری خوێناوی كون كون كراوم... تەنها یادگاری بەهارم بمێنێ... مرۆڤی مەردیش ئەبێ قوربانی بنوێنێ... كەمن لێ درام لەڕێی خۆمەوە نەبوو هاو دەنگێك بێت بە دەنگمەوە.



لاوێكی كورد بووم ڕۆڵەیەكی ژیربووم... چاو لەڕێی ئامانج بەچكە فەقیر بووم... هیچ خێرم نەدی لەدنیای ڕۆشن... ئیمرۆ بە ناهەق لەمردن گیربووم... دایە گیان من نەمام خۆ تۆ خۆت ماوی... فرمێسكی چاوت بێ بەداماوی.

تاوێك وەرە سەر گۆڕەكەم دەستی بەشداری من بگرە
فرمێسكت بە قەبرەكەم بسڕە

– سیروان چتۆ شەریف ١٩٧٢- ١٩٩٧

كتابی تەسریح خێرم لێ نەدی    ئاواتی دڵم نەهاتە دی
خەڵكی كەركووك بووم لەكوت شەهید    بووم لەگەڵ مردنا دەست بەیەخە بووم

– فاروق فائق لە ١٩٨٦ كۆچی كردووە.

بە فرمێسك عهد بێ ڕۆلەكەم ئەو خۆڵەی سەرقەبرت
بیگێڕم من بەقوڕ بۆ سەر سەرم بەشیوەن
عەزیزم خۆشەویستم چۆنت بەجێ بێڵم    لەبن خاكی ڕەش و تاریك لەم غوربەتەی شاران

– زیاد خالد محمد پاشا لە ١٩٧٢ لەدایك بووە لە ٢٠٠١ بەكارەساتی سەیارە كۆچ دەكات.

لە مەرگەساتی دوا شەوم گەلی هاوارم كرد دایە
لەئازاری خۆما خۆم بۆ خۆم ئەم كرد لای لایە
شەوتا بەیانی لەدەشتی دوزی وێرانا گەلێ پەلم هاویشت ئەنجام
نەگەیشتمە دكتۆری زانا... ئەمن هەوڵمدا تا بگەم لەناو ماڵ و منداڵی خۆم ئەجەل ڕێی لێ گرتم
ئەمانەت بێ لای ئێوە كۆرپەكانم... براكانم.. دایەگیان... هەركاتێ بینیت هەردوو كۆرپەكەم ناشادن... تێر تێر ماچ و بۆنیان بك چونكە لەجێگای زیادن.

- الفیه صدیق چیمەنی ١٩٣١-٢٠٠٤

**دەمە گرێ ئەمما گرتوخانە ڕق ئەستوورترم**
**لێم دەدا ئەمما لەسەرداوا ڕەواکەم سوورترم**

**بە کوردی دەژیم بە کوردی دەمرم     بە کوردی دەدەم وەڵامی قەبرم**

* ئەگەر کورد مافی هەبوایەو نەچەوسێنرابایەوە بۆ بیری لەوە دەکردەوە کە بەکوردی وەڵامی قەبری بداتەوەو بە کوردی بمرێت جا ئەوەندە مەسەلەی زمان و نەتەوەو... هتد کاری تیا کردووە بۆیە ئەو شیعرەی (هێمن)ی شاعیر لەسەر زۆر گۆڕدا نووسراوە.

- عثمان علی باغەوان

**من پشکۆیەکم لەو ئاگرەم کە ئاسنیش دەتاوێنێ**
**من دڵۆپێکم لەو بارانەم کە دەریایەك بەدی دێنێ**
**من شەماڵم ئەو شەماڵەی پڕ لە شنەی بەسۆزو تاو**
**دەمەو بەهار بەفری داگیرکەری وڵات دەکەم بە ئاو**

- عائشە فەرج عول محمد ١٩٨٩ کۆچی کردو لە ١٩٣٩ لەدایك بووە

**دایە گیان دایەی شیرینم     ئاوات و خۆزگەم مەرگت نەبینم**
**کەچی ئەجەل لە ناکاوە دەست بەجێ کۆچی دواینی وا زوو خستەڕێت ئەو کۆچەی کەوا**
**کردت دایە گیان ماڵئاوایی بوو بۆ تۆکردت لێمان دایە دوای تۆ کێ خەم خۆرم بێ**

- المهندس ستار شفیق رشید لە ١٩٨٥ کۆچی کرد، لەسەر قەفەسەکەی نووسراوە:

**خۆزگەم بە ساڵی ڕابردوو**
**عومری کورتی دڵداریم بوو**
**لەپڕ هات و لەناکاو چوو**
**حەیفێك بۆ ئەم گەنجە پڕ چاوی لەخۆڵە**
**بۆ تەنیایی شەو لای لایەی خەم**
**بگرین پڕ بە دڵ هاوار بکەین پڕ بە ئاسمان**



**ستار بە جێما لەسەفەری شەو**
**دڵێك تا دوێنێ هەبوو، کوا، نەما     عومرێك بوو لەژین ڕەنجی چوو بە با**
**دنیای بێزاری لەدەست ڕزگار بوو     بە ئاخ و ناڵەی کە بۆ خۆشەویستم بوو**

- ناظم علی نادر (١٩٥٦-١٩٨٦)

**هەر چەند سەیر ئەکەم حاڵم شێواوە     بۆ برای جوانم ئەژنۆم شکاوە**
**بۆچ شیوەن نەکەم کاکەی فەوتاوم     لەبەحری خەفەتدا غەرق ماوم**
**سەیری وێنەکەم چەند پەرێشانە     هەوارگەی دڵم چۆڵ وێرانە**

- صبریە سعید حاجی علی لە ١٩٨٠ کۆچی کرد

لەلای ڕاست/ **ان حملت الی القبور     فأعلم بأنك بعدها محمول**
**اذا ولیت امور قوم مدة     فأعلم بأنك عنهم معزول**

- جمال حمە سعید (١٩٥٥- ١٩٨١)/ ایوب حمە سعید (١٩٦٦-٢٠٠٤)
لەسەر قەفەسەکەیان

**دەسا ئەو ڕاوکەرە کوێر بێ لەچاوان     منی خستە قەفەس بێ سوچ و تاوان**
**دایە کەم بگری شەمەزارم کە     کەم کەم هاتوچۆی سەرقە برانم کە**
**سلاو بۆ گشت دۆست و برادەر     چاوپێکەوتنمان بۆ ڕۆژی مەحشەر**
**بێ دادی شاباڵای شکاندم     وا بەناهەق لەخوێناوی تلاندم**
**دایە کەم بگری خوێن هات لەچاوت     خۆم بم بە قوربان جەرگی سوتاوت**
**قوربانی فرمێسکی دارژاوت بم     فیداکەری دڵی پڕ زوخاوت بم**

- عباس محمد صالح لە ساڵی ١٩٨٦ شەهید بووە

**ڕەفیقان توخوا یەك یەك لەدەورم کۆمەڵ بگرن**
**بەیادی کەن زەمانی زوو ژیانی پێشیم**
**بە خاکی گۆڕەکەم سوێندتان ئەدەم ئەی هەم نشینانم**
**لەگەڵ تابووتەکەم صەف صەف بە مەحزونی بتانبینم**

– الشيخ محمد شێخ جبار الجباری له ١٩٨٤ كۆچی كردووە

**ئەسپی خەیاڵم تاودا لەكەش ئەم جیهانە**
**چوومە كالیفۆرنیا بەسەر شاخی لوبنانە**
**سویسراو پاریس گەڕام بە چۆڵ و خیابانە**
**سروشت هەڵی نەخستووە وێنەی ئەم كوردستانە**
**نا بەدڵ گەڕامەوە بەرەو هەوارگەی بێخاڵ**
**بۆناو بەزم و بالۆری و ئاوازو دەنگی شمشاڵ**

– الشهيد عبدالرحمن رحيم عبدالله له ١٩٨٢/٧/٢١ شەهیدكرا

**دڵم شكستەی چەرخی زەبوونە    بێ ئارامی دڵ كڵپەی دەروونە**
**دڵم ئەناڵێ هەم پڕ لە قینە    دایم بێ بەختم لەم سەر زەمینە**
لەسەر مەحجەرەكەی/ هەردەم ناشادم
**من بێ ئومێد هەر من ناموراد    من بۆ كوێ بڕۆم هەر من ناشاد**
**هەر من بێ بەخت و هەم چارە ڕەشم    لە دوولبەریش هەر من بێ بەشم**
**هەر من ناڵەبار لە دونیا فانیم    ئەبێ بەدەرد لێم هەرچی من بیڵێم**
**منم لەم چەرخە بەدڵ سووتاوم    پڕ غەم و زارە فرمێسكی چاوم**
**ناگا لەمن كەس چیم لەدڵدایە    ئەوەی  من بیڵێم دەردوو بەڵایە**
**(هۆنراوەی شەهید عبدالرحمن سەرسام)**
* ئەم شیعرە بەرهەمی مردووەكە خۆیەتی و لەسەر گۆڕەكەی تۆمار كراوە.

– سيد العلما و حلية الفضلا و الاستاذ (عمر لطفي القطب ) نجل الشيخ (عبدالمجيد افندي القطب) لەگەڵ گۆڕی (احمد وهبی القطب)

**يا ابن عمی لقد جاد لك ربك المنان**
**ابتهلنا الى الرحمن فأزحنا اليك الغفران**
**الله بتون مقربينة... ربي او كتابي مستبينه... ربي او شفيعي مذنبينه... باغشله نيي بودر نيازم.**



**يامن راى في الساجدين تقليي    ورأى قيامى في ابتهاج تقربي**
**ادعوك والقلب المنيب يؤمنى    لتقول لي: ارخ هداك وخيت بي**

– نسرين مصطفى حسين ١٩٤١-١٩٩٧

**منم لەم چەرخە بەدڵ سووتاوم    پڕ غەم و زارە جەرگ و هەناوم**

– ڕزگار علی الصیاد له ١٩٦٤/٤/١٧ لەدایك بووەو لە ١٩٧٣/١١/٤ كۆچ دەكات

لای ڕاست/    **كە هۆگری بوو ماسی روحی من**
**هۆن هۆن فرمێسكی بڕژێتە داوێن**
**فرمێسكی تاسەر جەرگ و دڵ تەزێن**

– عبدالرحمن برزو اسماعیل لە ١٩٧٦/١٢/٤ كۆچ دەكات

**ئەی ئەرز وا پەنام بۆ تۆ هێناوە    ئەمانەتێكم لای تۆ داناوە**
**گوڵێكم هەبوو لە باغی ژیان    بای نامرادی (رەحمانی )هەڵوەران**
**فریشتەی بێ دەنگی سەر زەمینم هات    ڕوناكی دیدەی پڕ نەسرینم هات**
**نازداری ناسكی نازەنینم هات    رەحمانی هەزار ڕەحمەتی لێ بەجێماوە هات**
**ناچار پەنای بۆ تۆ هێناو هات**

لەلای چەپی گۆڕەكە نووسراوە/
**بەسەرسامی لەسەر لوتكەی بڵندی گەنجی وەستاوم**
**شریتی عومری ڕابردووم وەكو خەو دێتە بەرچاوم**
**شریتی چی سەراپا سەر گوزەشتەی نا ئومێدیمە**
**فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرس هێنای لاوییمە**
* ئەم دێرە شیعرانەی سەرەوە لە شیعرەكانی ئەحمەد هەردییەوە وەرگیراوە، هەروەكو وتمان و زۆرجار كۆپلە شیعری شاعیرەكان تۆماركراوە لەسەر گۆڕەكان و هەندێك جار بەدەستكارییەوە، بەڵام بە تایبەتی ئەم دێڕانەی (ئەحمەد هەردی) زۆر زۆر دووبارە دەبێتەوە لە سەر گۆڕەكان.

– گیانی پاکی خوالێخۆشبوو (کەریم حەمدی) (١٩٣٥-١٩٨٦)

**ئەبینم دەورم چۆڵە کەسێ نییە لە دیارم**
**غەم ڕەوێنی گەلێ بووم یەکێ نییە غەم خوارم**
**تەمەنی ژینم نەبەرد تا سەر پڕ بەدڵ ئێستا ئەجەل لەناکاو نامیە ژێر گڵ**

– ژیان عبداللە لە ١٩٧٤ لەدایك بووە

**دەردێکی وام گرت کەوتم لەسەردەم     شەوم کردە ڕۆژ ڕۆژم کردە شەو**
**پشووی پێم نەدا غەیری دەرزی خەو     تەمەنم ١٨ ساڵ زیاتری نەخایان**
**گەردنم ئازاکە دایە بابەگیان     هەقی زۆرتان دا پێم لە ژیان**
**هەرگیز دەست نادرێ لەکاری یەزدان**

– ئارامگای خوالێخۆشبوو (جەیران عەلی فەرج) لە ١٩٨١/٥/٤ کۆچی دوایی کرد.

**ئاگری باڵات دڵی سووتاندم     مەلی هێمنیت گیانی فڕاندم**
**پەیمانەی عومرم ئی دی پڕ بووە     چونکە ئەو خوشکەم لەدەست دەرچووە**

– عباس قادر محمد لە ١٩٧٦ بە حادیسەی سیارە کۆچی کردووە

**ئۆتۆمبێل لێیدام یەکسەر دڵ وەستا     گۆڕیش لەناکاو دەرگای لێم بەستا**
**خاڵەگیان ئۆتۆمبێل     لەپڕ هەناسەی ژینی وەستاندم**
**کۆمەڵێ منداڵ لەدوام بەجێ ما     ئۆتۆمبێل شووشەی گەنجی شکاندم**
**ئەوەی ماوە لە دونیا ئازاد بێ     نەوەك وەکو من دڵ نامراد بێ**

– خضر عبداللە احمد روستم لە ١٩٨٦

**لە پاش مەرگم مەکەن شینم کە دەرچوو گیانی شیرینم**
**بە ئاوازی شین و دڵداری یاران بخوێنن یاسینم**
**خەڵکی بە گرێك جەرگی سووتاوە من پێی خۆمم بەدوو پشکۆ ناوە**
**ڕوون نەبوو دیدەم بەڕۆڵەی دیلم     چرای تەمەنی حەزم کوژاوە**
* زۆرجار ئەم شیعرانە دووبارەبوونەتەوە



– قادر مەولود علی لە ١٩٨٧ کۆچی کردووە

**من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریکا     هەتاوی بیر ڕووناك ئەکا بەرچاوم**

– سەفین عوسمان مستەفا لەفاو شەهید بووە

**هەر چەند کۆچم کرد هەر لەگەڵتانم     لەڕۆژەکانتان خونچەی گەشم**
**لەم چەند بەهارە کورتەی ژیانم     نۆشیم ژەهراوی گەنجێتی ڕەشم**

– علی محمد سەیادە لە ١٣٩٢هـ کۆچی دوای کردووە

**با قوربانی تۆ بێ میسر و ڕۆم چین     لە ژێر پێتا بێت سارای سەر زەمین**

– بدریە علی لە ١٣٨٨هـ کۆچی دوای کرد

**بای ئەجەل هات... هەڵوەرییم**
**ئەی ڕەفیقان بکەن شینم کە ئەمڕۆ ڕۆژی زاریە**
**قەت لەگریان مەکەن تەخسیر شیوەنم یەکجاریە**

– سالار عمر احمد لە تەمەنی کورتیدا کۆچی کرد لە ساڵی ١٩٩٩

**چەندەها ساڵە دەم بەهاوارم     جارێ ناپرسی لە حاڵی زارم**
**سووتام پڕوکام زۆربێ قەرارم     ئەزانی لە تۆ بۆچی بێزارم**
**شارەزایی دەردمی     ناکەی تیمارم**
**برا کەوتوومە بەردەستی زەمانە و چەرخی بەدکردەی**
**بەنا شوکری نەبێ ڕۆژێ نەبوو بۆ خۆم بڵێم ئۆخەی**

– نشمیل مصطفی ١٩٧٤-١٩٩٤

**ئەی هاوسەرە ئازیزەکەم خاکی غەریبیت پیرۆز**
**بۆ یادگارە شیرینەکان کێ بێ هێندەی من دڵ سۆز بێ**
**ڕووی چاوەڕوانیم بە ئازار دڵی هەڵقرچانم**
**وا کۆچت بوو بەدرك کوژی من چەقی لە ئێسك و ئێسقانم**

– محمد رحيم محمد الداغستاني توفي في ٢٠٠١

**اللهم يا مؤنس كل وحيد و ياصاحب كل فريد... يا قريب عند البعيد**

– ابراهيم جمال جەبار توفي في ٢٠٠٢

**يا رب بوحال نەحال دى... هركس بوگونەدا لدى... گنج گيتو عزيز يارم... گورم اردو چاقالدى.**

– صابر الحساري لە ١٩٨٤ كۆچی كردووە

لەسەر كێلەكەی/ **دەردم ئاوێتەی دەردی فەرهادە**
**منیش وەك فەرهاد ڕەنجم بە بادە**

– نادر رمضان شريف لە ١٩٨٤ لە حاجی ئۆمەران شەهید بوو

*** گریان بەرهەمی دڵ شكاوییە**
**ماتەم خەڵاتی نا تەواویە**
*** بۆ تۆ بەجێت هێشت دوو كۆرپەی شیرین**
**ئاوات و خەڵات وا لەڕووی زەمین**

*** ئەی خاك سپاردم بە تۆ نەدەی ئەزابی**
**ناسراو بە نادر گەنجی ئازادی**
*** ئارەزووم وا بوو كە لەم ژینە ئاسوودەبم**
**دوور لە ئازارو هەژاری و كردەوەی بێ هودەبم**
**داخەكەم ئاواتەكەم گشتی بە عەكسی هاتەدی**
**بەختی بەدویستی تا ماوم بەغەم ئالودەبم**
*** هاتن شەهیدان بەجلی سووری خوێنەوە**
**دایكی وتی دەهەڵسەوە سلاویان بنێرەوە**
**لە ژیانا لەخۆشی بەشی كەم بوو**
**خۆشی هەبوو لە جیهانا بۆ ئەو نەبوو**



– كەریم محمد حمید ١٩٨٢ كۆچی كرد

**دڵ میحنەت كەیلە ڕێم كەن زوو دەرچم لە شار**
**ئیمڕۆ ڕۆژێكە لە كۆمەڵ مردوومان بگرم كەنار**
**دەستەو ئەژنۆ دانیشتم بێ چارەو زار و نزار**
**ڕۆژی جەژن من تەریك و بێ بەشی دیداری یار**

**دایە گیان ئەو كیژەی ویستت بە بووكی تۆبێ**
**خۆت دەنیشانی جاریێ بابە هیوای من نەبێ**
**هەر كە بتبینێ كە ڕەش پۆشی لەسەر تاپاتاوە**
**بەڵكو بڕوا دڵ نیابێ و من لەبیر باتەوە**
* ئەم شیعرە جاری تریش دووبارە بۆتەوە لەسەر گۆڕی تر

– شەهید شلال خورشید عبدالله الصالحی لە ١٩٨٤ كۆچی دوایی كرد

**ئەگەر چی تۆڕۆیشتی قەت ناچی لە یادم**
**یادت ئەكەم شلال بەیادی تۆوە شادم**
**ئەگەر هاتیتە سەر گۆڕم بزانە خێر نەدیوێكم**
**لەناو باخی بەهاری تەمەنما گوڵ هەڵوەریوێكم**

– طارق عزیز مصطفی لە ١٩٨٢ كۆچی كردووە

**پزیشكم شەرمەزار بوو كە نەیتوانی بكا چارەم**
**دەبێ هیوام بەمان چەندبێ كە ڕەش پۆشە پەرستارم**
**دەڵێ چۆنی: چلۆنت تێگەێنم دەردو ئازارم**
**بە ساغیش نەیتوانی هەستی من دەربڕی گوفتارم**

– شهيد طالب حميد رەشيد ١٩٥٥-١٩٨٦

**دايە گيان مەگری مەلّێ نەماوی    دوو ڕۆڵەی جوانم بۆجێ هێلاوی**
**کاتێك روخست هات لەسەرە مەرگام    ئەجەل پێش روخست گەییە هانام**
**ڕۆڵە ئەوا دانیشم دەستەو ئەژنۆ    بۆ چاوەڕوانی هاتنەوەی تۆ**
**زۆر دەردم کێشا بە دەست ژانەوە    مەگەر لەگۆڕا بحەسێمەوە.**

– مەلا عەزیز عەولا لە ١٩٧٨ کۆچی دوایی کرد

**غەینی غەریب... ظاتی ظاهر... عەینی عەیان... حێ لەئیلحادا شاهدە بۆ تەقواو**
**جوهرت ئەی خوا زاهد هەموو روحی عالی سیفەت... لە ناو عالی عەلادا**

- ابوبكر صديق حمە صالح (١٩٨٠-٢٠٠٥)

**دنیا سفریە مرۆڤ میوانە    ئەمرۆ خەندەیە سبەی گریانە**

– غفوری حاجی صالح (١٩٧٢) کۆچی کردووە.

**گەر نەسووتێین من و تۆ لە ڕێی ژیان    کێ بسووتێ، کێ بقرچێ؟ لە جیهان**
**دنیا هاتووە کەس لێی بە ئاوات نەگەیشتووە    هەر چاکەیە لەگەڵیا ئەچێت بەدوایی**
**لای ڕاست/ ئێوە چوون بۆ جێگای خۆتان بە حورمەت**

– غازی هیدایەت صالح بەزنجی ١٢/٢/١٩٨٠ کۆچی کردووە

**ئازیز هیلاکم ئازیز هیلاکم    وەك تەیری زامدارم خەڵتانی خاکم**
**پێچ ئەدەم وەك مار تەواو خەمناکم    لێ بڕاو لە قەوم بەتەنیا و تاکم**

– ئەمە گۆڕی کاکەیە ڕەمزی بەرزی و چاکەیە

**لە هەموو دەورو زەمان بۆ هیچ کەسێ نەبووە زیان**
**کاکەی حاجی مەحموود بوو... چەکی چاوی حسوود بوو**
**کاکەی گشتمان کەس بوو... ئەم ناوبانگەی بۆ بەس بوو**



**لە ١٩٠٠ هاتە ڕووی جیهان لە ٧٢ ساڵان جێی داخە ژیان**
**لە شاری گۆڕو گۆڕ بووە میوان**

**جیهان بۆ شاهان کەی تا سەر دەچێ**
**گوڵی بەهاران هەر بەسەردەچێ**
* ناوی و مێژووی کۆچکردنی هەمووی بە پەخشانە شیعر نووسراوە

– فاروق علی روستم لە ١٩٨٥ کۆچی کردووە

**ژینم تەرخان کرد بۆ سێ کۆرپەی جوان    ئاواتم وا بوو شادبن لە ژیان**
**مەرگ هات مەوادی نەدا پێم    تیری خۆی هاوێشت دای لێم**
**ئێستا لە مایەی دوو سەنگی تاریك    خۆڵ لەبان دەم و قەبرێکی تاریك**
**بەڵام چی بڵێم ئەمەیە    ڕێمان... مردنیش هەقە**

## گۆڕستانی سەیوان- سلێمانی:

لە شاری سلێمانی (سەیوان)مان کردە ئامانج تا شیعری سەر گۆڕەکانی وەربگرین، پێشتر باسمان کرد کە چەند گۆڕستانێك هەبوو لە نزیك یەکتری لە گەرەکی سەیوان، بەڵام ئێمە تەنها یەك گردێکمان بە تەواوەتی وەرگرت ئەویش (سەیوان-١) بوو کە گۆڕی شێخ مارفی نۆدیی لێیەو هەوڵماندا نموونەی زۆربەی گۆڕەکانی ئەو گۆڕستانە وەربگرین لە هەمانکاتدا لە گۆڕستانی شەهیدان (سەیوان-٢)و گردی ناوەڕاست- کاسەو کەوچك (سەیوان-٣)یش چەند نموونەیەکی گشتیمان وەرگرت جا سەرەتا ئەو نموونانە باس دەکەین پاشان دەگەڕێینەوە سەر نموونەکانی گردی سەیوان یەك:

نموونەکانی گۆڕستانی شەهیدان- کە شێخە (بچکۆڵ) یشی پێ دەڵێن و لە هەمانکاتدا سەیوانیشی بۆ بەکاردێنن، ئەو گۆڕستانە گردێکە زۆربەی گۆڕەکانی گۆڕی شەهیدەو پێشمەرگەیەکی زۆر لەوێ نێژراوە لە نموونەکانی ئەم گۆڕستانە:

– (عومری حاجی احمدی جولا) لە ڕاپەڕینی خوێناوییەکەی ساڵی ١٩٩١ لە کاتی هەڵمەت و پەلاماردا لەبەر دەرکی سەرا لە تەمەنی ٥٨ ساڵی شەهید کرا.

–

لەسەر کێلەکەی/ ئەوەی بیەوێ سەرقافڵەی شەهیدان بێ
پۆشەری سەر سینگی کوردی هەژار بێ
ئەبێت وەك خاڵە (عومەر) باوکی هێرش تۆڵە بێ
لە پەلاماردا شمشێری بروسك و چنگی هەڵۆ بێ
لای ڕاست/ ئەگەر ئەم جیهانە جارێکی تر وەکو لۆکە شی کەنەوە
سنوور بۆ گشت وڵاتان دروست کەنەوە
ئەوە من هەر دێمەوە کوردستان چونکە کوردم جارێکی تر سرودەکەی دەڵێمەوە
لای چەپ/ شانازییە بۆ ئێمە کە تۆ باوکمانی
لەڕێی کوردستان بەمەردی مردی

– (حسن حسین) ناسراو بە حسنی زەڵمی لە٢٧\٢٨ /٢٠٠٣/٣ لە نەخۆشخانەی سلێمانی لە ٤٨ ساڵیدا کۆچی کرد.

* وەهارم نەدیەن سەیوان بێ یا گێم بادگەو زەڵمیش بژنەوا دەنگم
من پەی هەورامان فرە دڵ تەنگەم جەیاد تانەشۆیانەی بێ ڕەنگم
گوڵ بەهار هات تەمەنی برد
دڵم لاتانە کەچی کە مردم شنەی هەورامان بگە بەرگم
بەهارم نەدی داختان بە جەرگم

– نەوزاد محمد ابراهیم (نەوە ڕەش) لە ١٩٩١/٤/٣ شەهید کرا
تەنیشتی گۆڕەکە/ ڕۆڵە نەوزاد دنیا خەمە
هەموو شتێك لەم شارەدا کەیلی ئەشکەنجەو ماتەمە
تۆ ئێستاش وێنەیەکی لە ناخمدا ڕەنگت هەیە
کێ پێی وتی لێم بتۆرێ... ئەم شارە کاولە جێ بێڵی

هەناوم بەندی دڵم... گەر ئەزانی چەمی سیروان کۆچ ئەکاو بیابانیش پەلی زامەکان دەگرێ... هەناوم کزەی دڵم گەر ئەزانی چۆن دایکی دڵسۆزت سینگی شپرزەیی ئەکوتێ... دڵنیابووم ئەهاتییەوە بۆ ناو باوەشی ئەم شارە... کزەی دڵم.



* ئەو شیعرانی کە لەسەر گۆڕەکان دەنووسرێ ئێستا سنووری دوو دێرە شیعری تێپەڕاندووە و جاری وایە چامەیەکی تەواو لەسەر قەفەس و گۆڕەکە نووسراوەتەوە یاخود پەخشانێك یا پەخشانە شیعرێك دەنووسنەوە، دیارە تەنها بەدوو دێرە شیعر نەیانتوانیوە تەواوی هەستەکانیان دەربڕن جا لەبەر ئەوە پەنایان بردۆتە بەر شیعری درێژتر یان پەخشان.

– سالار ئاغای حەمە ئاغا لە ١٩٩١/٤/١٥ لەسەر سنووری کوردستان کۆچ ئەکا
ئەی سەیوان ئارامگای پیرۆز ئاغا بگرە خۆت وەك دایکی دڵسۆز
لەوێش هەر بڵێن کوردمان خۆش ئەوێ نەهێلی گورزی گریان بەرکەوێ

باسی کەساسی و مەحزونی خۆت نەکەی توخوا وەتەن
چونکە بەو با سەزامەکەی برینەکەم دەکەولێتەوە.

– ئەندازیاری جوانە مەرگ (١٩٥٢-١٩٨٤) بەکارەساتی ئۆتۆمبێل
گریان و شیوەن کەڵکی نابێت بگرە ئالای شۆسیالیست
تا سبەی لە ئەمڕۆ خۆشتر بێت بێتەدی ئاوات و نیازت

* خونچەی دەبێتە گوڵ، گوڵێش دەوری
بەڵام نەمامێکی تری لەجێ دەڕوێ

* دڵ تەزێن ترین مەرگ مەرگی هونەرمەندە
بەڵام مەزنترین مەرگ دیسانەوە مەرگی هونەرمەندە
* دیارە ئەم مردووە شۆسیالیست بووە یان ئەوەی ئەو دێرەی یەکەمی لەسەر گۆڕەکە نووسیوە شۆسیالیست بووە.

– بەناز عبدالرحمن علی ١٩٧١-١٩٩٦ بەکارەساتی ئۆتۆمبێل کۆچ دەکا

لەسەر کێلەکە/ بەناز کفنەکەت بە خوێن ڕەنگاوە    مانای شەهیدی لەسەر نووسراوە
سەیارەی نەگبەت لە کاتی لێدان ئەجەل دەفتەری ژینی دڕان
ئەمە گۆڕی هیواو ئاواتە... مەگری دایەگیان... مەگری بابەگیان... چارەنووس وابوو چی بڵێ گریان

– بەهرۆز عبدالرحمن علی باراوی (١٩٧٦-١٩٩٩/٤/٣٠) کۆتایی بەژیانی هێنا.

بەهرۆزی تەمەن ٢٣ ساڵە    زۆری هاوار کرد هاوارو ناڵە
بەڵام داخەکەم ئاوەکەی دوکان    خۆی توڕە کردو بەهرۆزی خنکاند

نەمزانی خۆشی و شادی و سەیرانم
ئەبێ بە تەعزیە بۆم خۆم پێی نازانم

– خالد عطا علی باراوی (١٩٧٨- ١٩٩١/٤/٢١)

ئاگەدار نەبووم ئەچووم بەڕێدا    بەڵام دەست و چاو هێزی هەرمابوو
لەپڕ ئەلفامێ خستمی لەجێدا    من ئاگەدار بووم هەتاکو بانە
کەوتم بەخاکا چاوم هەڵبڕی    کەوا من کەوتم لەخەستەخانە
چۆن مەرێ بێنی تۆ سەری بڕێ    من خۆم دەمزانی دوا ژیانمە
لەبەرپێی خۆمدا خوێنم ڕژابوو    دوا ژیانەکەی کوردستانمە

دایە بۆم مەگری مەلاوێنەوە    برینی سەختم بۆم مەکولێنەوە
چونکە شەهیدی ئەم کوردستانەم    قوربانی خاك و ئەم ڕێگەو بانەم

– مەمەند علی حسێن (پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە خەڵکی شاری سنەیە لە ١٩٩١/٦/١٦ بە دەستی خوێن مژەکانی ئێران شەهید کرا).

داخم ئەو داخەن دەردن ئەو دەردەن    دەڵێن غەریبێك لەم شارە مردەن
خۆم نەمردووم بەدەردی خوایی    بەڵکو بە فیشك جەرگمیان دەرهانی



ئەویش کوردێ بوو بەکرێ گیراوێ    تەقەی لێ کردم بەقسەی ئێرانی
من ١٢ ساڵ دوور لە کەس و کار    جەنازەکەشم لێیان بوو بەبار
نەگەڕامەوە بۆ شاری سنە    لێم بەجێ ماوە سۆران و سۆنە
ئومێدەوارم کوڕم گەورەبێ    مەردو مەردانە حەقم بسەنێ
دڵنیابە بەسیەتی بۆ دەنگی دەرگا مەگرە گوێ
دامەنیشە دایەگیان بۆ هاتنی من چاوەڕێ

– علی اکبر فیض الله ئاغا (ناسراو بە مامۆستا دڵشاد) لە ١٩٧٣/١٠/٧ لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا شەهید کرا.

شەهیدین و مەشخەڵمان لەگڕدایە    سەربەرزین و کاروانمان لەڕەوتایە
لاوەکانمان ئاوا ئازان بۆیە ئەڵێن    سەرکەوتنمان ڕاستییەکە و لە دەست دایە

هەنسکی دایکی نیشتمانەکەت... پشکۆی هەڵمەتی... گیانی خۆش... هاوڕێم بۆ کوردستانەکەت (وشەیەك دیار نەبوو) کردی شەهیدی بۆیە من ناڵێم مردی

– نوری فتح الله ناسراو بە (هیوا کاراتی) ١٩٦٣ لەدایك بووە لە١٩٩١/٣/٢٩ لە کەرکووك شەهید کرا.

وا بژی لە دنیا کە مردی هەرچی بتناسێ بۆت بگری
پیاوی ئازا ناوی نامرێ ناوی چاکە هەر ئەژی

دایەگیان مەکە شینی بێ وێنە    لانکەی کۆرپەکەم تۆزێك ڕاژێنە
لە جیاتی هیوا هەڵۆ بدوێنە    یادگاری منەو دڵی مەشکێنە
تەنها یادگارم بۆ دایك و باوکم    هاوسەری ژیان و کۆرپەی بێ باوکم

هەرشەو لەدەشت و دۆڵ و چییایە
شەرتە ڕابوێرم بەنان و ئاوێك
گەر شەهید بکرێم هەر بە هەناوێك
سەر نانوێنم بۆ هیچ نا پیاوێك

**چەند نموونەیەك لە گۆڕستانی ( گردی ناوەڕاست- کاسەو کەوچك) کە هەر نزیکی گۆڕستانی شەهیدان و گردی سەیوانە:**

– احمد عزیز خواجە

**تاریخ بنووسە بێ ترس و حەزەر... مەرکەبی خوێن بڕژە سەرانسەر... ڕێ لە دێری وانەی وەك گەوهەر... بۆ سیادەتی شیاوی موعتەبەر... ئەحمەدی خواجە سەروەر منەوەر (هۆنراوەی نەوزاد شێرە دل )**

لەسەر کێلی لای پێی/ **نەوەی دلێری خان ئەحمەدی خان**
**حەزرەتی مەردی کرداری شۆخ و جوان**
**قەسوەت کێشەکەی وڵاتی کوردان (نەوزاد شێر دل)**

❊ ئەم گۆڕە ناوی نووسەری شیعرەکەی لەسەر تۆمارکراوە کە (نەوزاد شێردل)ە و چەند دێرێکی بە (ئەحمەد خوا جەدا) هەڵداوە.

– عبداللە بەگی سلێمان بەگی کوڕی عبداللە بەگی ( کاتب فارسیە)یە لە بنەماڵەی (میران بەگی)ن (گۆرانی شاعیر)

**١٩١٤** لە هەڵەبجە هاتۆتە دونیاوە- **١٨-١١-١٩٦٢** کۆچی دوایی کردووە

لە بادەش تا پشووی عومرم نەدی تاوێ بەسەربەستی هەتا مردن زرەی زنجیری دیلی بوو... لە گەردنما بەخوێن بێ، و دڵ هڵی لوشی... کەوابێ هەیکەلی هەستی خواکەی بولبولی باخی سەرا... هەر چەندە پاییزە! بەخوێنی خۆم گوڵت بۆ ئاو ئەدەم... سابۆم بلاوێنە لەگەڵ ئەو جوان و پاکانەی کە لەدەورم مەیتیان ڕیزە لەخوێنا وێنە شێواوین، بە دایکمان بناسێنە.

**ئەی ئەوەی قەومانی بەش بەش کرد**

**بەپێی خاك و زمان... دایە بەهەر قەومێ... نگین و تاج و تەختی حور ژیان... کوانگینی بەختی من؟... کوا تاج و تەختی من؟ بۆ لە خاکی پاك و زاری بێ گریم، غەدر ئەکەی!؟ نابەخشی پێم!؟ یا اله حەقی خۆم داوا ئەکەم کوا نگین و تەختەکەم.**



**لەدەریاو قتارەی هەوری بارشت کەوتۆتە دوی پێشەنگ**
**بەسەر سنگی چیادا چۆکی داداوە کش و بێ دەنگ**
**بەسەر پاییزی زەردا بابە خوڕ بگری بەکۆڵ بگری**
**لەسەر ئاخر گەڵا ئاخر چڵی تەنیایی گوڵ بگری**
**بەخوڕ بگری بەکوڵ بگری... بەسەر دەشت و دەری وشکا**
**بەسەرداری گەڵا زەردا... بەسەر پوشا... بەسەر دڕکا... بە سەرچاوەی کزرا... بەسەر زیخی چەمی دێما... بەسەر هەر وشکەیەکا وا لەهاوینی گەرم جێ ما...**

**❊ ئەوەندەم بیست لە مۆسیقاو خرۆشی روحی بێگانە... هەتا... کلۆڵەکەم.**

❊ دیارە گۆڕی شاعیران زیاتر بایەخی پێی دراوە بەتایبەتی شاعیرێکی وەك (گۆران) جا لەبەر ئەوە شیعرێکی زۆر لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە کە زۆریشی بەرهەمی خۆیەتی.

– ئەژی گۆران کوڕی عبداللە گۆران کوڕی سلێمان بەگی کاتب فارسیە ١٩٣٦ لە عەبابەیلێ لەدایك بووە لە ٢٠٠٤ لە سلێمانی کۆچی کردووە.

**دیدار**
**کە دیدارت چرۆیەکە لەدیدەما چۆن ئەپشکۆێ**
**من بلێم چی!... ئەشکی سوورم... گەر بەر ئەداتە گلارەم...**
**خۆم ئەزانم بە بینینت بە تۆ ناگەم... (ئەژی گۆران)**

– دیلمان عثمان محمد نووسەر و ڕۆژنامەنووس

لە ١٩٨٠/١٠/١٠ لەدایك بووە، لە ٢٠٠٤/٤/٢٢ لەکاتی ئەنجامدانی کارە پیرۆزەکەی بەکارەساتی ئۆتۆمبێل شەهید بوو.

❊ بۆ ئەم گۆڕە دوو تابلۆ هەڵواسرابوو کە لەسەری شیعر و ناوی مردووەکە تۆمارکرابوو، جا ئێمە هەر دووان لەو شیعرانەمان وەرگرت.

ئەفسۆس گومانەلامان
مردنی گوماناویت
گومانە لامان چۆتە بەرزایی
عەقڵ
گومانی دکتاتۆرە،
چۆتە ناو ئێمەی گوماندارەوە
مەگەر مردنی بە گومانت
ئێمە لە گومانی مردنت
جیا بکاتەوە
بۆمان شی بکەرەوە
ئەم مردنە بە گومانەت
یان با ئێمەش
بێینـــە لای هێلانـــەی بـــە
گومانت
(برای خوا لێ خۆش بوو)

من حەزم لەم پەنجەرەیەیە... تا ڕووناکی
بێتە ناو ماڵی دڵمەوە...
پەنجەرەیەك لە یاقوت.. حەزم لە ئاوازێکی
نوێییە... گیتارێـك مردووەکـان دڵ خـۆش
بکا...
من ئێستا لەسەر هەورەکان نووسینەکانم
بە خەڵکی ڕادەگەیێنم... من نەمردووم
کاتی مردنم زۆر دوورە... نا دایەگیان
تکا دەکەم کە بۆم نەگریت... گەر تۆ
بگریت من دەمرم و فرمێسکە پیرۆزەکانیش
تنۆك... تنۆك دەکەم بە ملوانکەی دڵم
... لە بیرم دێ کە منداڵ بووم...
دوور دەمڕوانیە ئاسمانی پاك...
ڕوانینی نوێ بۆ ژیان... ئەمێستە من
هەمیشە ئاوی ڕیحانەکان دەدەم لێرە...
من زیندووترم لە شیعرەکانم... لە پێنووسە
هەژارەکەم... من دلیمانم کوڕی شارم...
کـوڕی جـوانی...کـوڕی خـۆش نووسـی و
بەرائەت.



– من رەفیق حلمی صالح افندیم
هەرچی پێویستە دەرهەق وەطن ئەکەم
بۆ بەرزی وەطن چاك تێبکۆشن
ئەم خاکە پاکە بەکەس مەفرۆشن
تاریخ کۆچەکەم بزانن ئەوسا
رەفیقان خۆت لە نێو خورسدا
دڵ لە ئارام و چاك بێ بەری    ئەو دڵە چاکەت بەم کوردە بەخشی
ئەی مامۆستای کورد بۆ کورد پەروەری    ئەستێرەیەکی تا ئەبەد گەشی
کە خاك لەشی تۆی گرتە باوەشی    ادیب کوردیەو رفیق صالح افندی
لە ١٩٦٠/٨/٤ لە نەخۆشخانە کۆچی کرد

– شەوقی رفیق حلمی و نیاز شوقی رفیق حلمی/ لەناو یەك قەفەسدا
نەڵێی نەماوم لەدڵما ئەژیت    هەتاکو ئەمرم هەر ئەڵێم بژییت
بنوو بەبێ غەم روحەکەم نازە    قەت نەڵێیت ئێستا کۆرپەکەم بێ نازە
شەرتە تا ماوم یادت ون نەکەم    لەدێکەو دیلەت قەت قسور نەکەم

– تۆڵە بەکر فارس ناسراو بە (تۆڵەی بەکری تەمین) ١٩٧٨-١٩٩٦ شەهید کرا
هەر کاروانێ بۆ پرشنگی خۆر بڕوانی    کەم بن یان زۆر لە ئەنجامدا ئەگەن بەخۆر
ئەوەی بیەوێ سەرقافڵەی شەهیدان بێ    پۆستەری سەر سینگی کوردی هەژار بێ
ئەبێت وەك خاڵە شەهاب و شەهید تۆڵە بێ
لە پەلاماردا شمشێری بروسك و چنگی هەڵۆ بێ
شەهیدی باوەڕی بەرزی گەلێکی حەق خوراوم من
لە وەختی خۆرهەڵاتدا کە خوێنم تێکەڵ بە خاك بوو
ئەوەتا ئاسۆ تەماشاکەن پرشنگی هەتاوم من

مەرگێ لەرێی نیشتمان بێ    سەد ژیانی بە قوربان بێ
ئاواش نەبا هەر ئەمردم    کەسیش باسی نە ئەکردم

– ابراهیم خیات (ابراهیم محمد) ١٩٣١- ٢٠٠٥ (هونەرمەند)

**ئێمە گیانێکین لەدوو جەستەدا     وەك شیعر و ئاواز لەیەك بەستەدا**
**دونیا ناتوانێ لێکمان کاتەوە     مەگەر خوا بۆ خۆی بمان باتەوە**

**هونەرمەندی کۆچ کردوو...**
**ئەی لاشەی بێ هێزی... ئەی مێشك ئەی دڵ... ئازار و سزام بەرە بۆ ژێر گڵ.**

**نموونەکانی گۆڕستانی گردی سەیوان:** ئەو گۆڕستانەی کە شێخ مارفی نۆدێی لێیەو ژمارەیەکی یەکجار زۆر گۆڕی تیادا نێژراوە، هەروەها شایەنی ئاماژە پێ دانە کە گۆڕستانەکانی سلێمانی شیعرێکی زۆری لەسەر نووسراوە زیاتر لە شوێنەکانی تر، و بەتایبەتی گۆڕستانەکانی سەیوان کە کەم گۆڕی تیادایە لەسەری نەنووسرابێت جگە لەوەش شتێکی تر بایەخی پێ دراوە لە سلێمانی ئەویش نازناوە چونکە لەسەر زۆربەی گۆڕەکان نازناوی مردووەکە تۆمارکراوە ئەم دیاردەیەش بەو رێژە زۆرە نەبوو لە کەرکووك و هەولێر و دهۆك، بەڵام لە سلێمانی ناز ناو و نووسینی زۆریش لەسەر گۆڕەکان دەکرێ دیارە ئەوەش پەیوەندی بە لایەنی رۆشنبیری و نەریتە باوەکانی ئەوێوە هەیە.

**نموونەکان:**

– حاجی توفیق صالح گێڵدەرەیی (١٩٢٩-٢٠٠٢/٢/١٣) کۆچی کردووە

لای ڕاست/ **من لە خوای گەورە هەر دەست بەدوعام**
**کە بت پارێزی لە ئاگری پرسام**
لای چەپ/ **خوا حافیزت بێ باوکی شیرینم**
**ئەی بەخێوکەری ژیان و ژینم**

* ئەم دوو دێرە شیعرەی سەرەوە زۆر دووبارە دەبۆوە لەسەر گۆڕەکان

- بکر عارف عبدالرحمن ناسراوە (بەبکری ئالی) ١٩٣١-٢٠٠٠
(وەسیەت نامە) لە دیوی ژوورەوەی کێلەکەوە نووسراوە

**وەسێتە ئەیکەم ڕۆڵە جوانەکان     ئەوە منم... ئەو گۆڕە جوانە**
**کوڕ و کچی من ئەی نازدارەکان     میوانم میوان... سەیوان بزانە**
**لەسەر لوتکەی گردی سەیوان     لەوێ ئەڕۆم مەنزڵ بە مەنزڵ**



**بمخەنە باوەش خاکی کوردستان     تا ئەگەمە جێی حەق جێگاکەم وەك گوڵ**
**من زۆر حەز ئەکەم لە گردی سەیوان     لە پاش پرسیار مەلائیکەتی خوامان**
**لەبەردەمما بێ شاری خنجیلەی جوان     جواب ئەدەمەوە، برا زۆر تاسان**
**با چاوم لێ بێت کاتی میوانی     من دوا نەکەوتووم لە وڵات و دێم**
**باوەڕم هەیە و خۆم باشە بینم**

**(ئالی)**

* ئەوە وەسێتی مردووەکە خۆیەتی و لەسەر گۆڕەکەی تۆمارکراوە.

– مامۆستا (ئامینە کچی زێوەری شاعیر) لە (١٩٣٤-١٩٩٥) کۆچی کردووە.

**هۆ ست ئامینە نەمر و ناودار     دایە باشێکی گەورەو مەزن**
**سرودی زاری گوڵ و مێر گوزار     بووی...**
**وەکو زێ وەری گوڵ دەستەی زێوەر     پەیامی بەرزی نێو دنیای ژن**
**جامەی خلود بووی چویتە ناو دەفتر     بووی**
**بەهەشتی بەرین شایەنی تۆیە.     دەرماڵەی ئەدەب باوانی تۆیە.**

**کوردە نەڕەنجێ لە خوێنی ڕێژراوی**
**نەخشی سەر روحە بەردی خوێناوی**
**عافیەت شافی بەرزی کوردستان     عالەمی کوردی تیا ئەکا جەولان**

– دڵشاد محمد علی (١٩٦٠- ٢٠٠٢)

**مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان     چۆن قازانج ئەکەی تانەکەی زیان**

– شاعیر گەورەی کورد ن/ کاکەی فەلاح/ حەمە امین قادر (١٩٢٨-١٩٩٠).

**هیوای تۆ بێ خەمی منە... چەند شیرینە چەند بەجێیە**
**کێ بێ ئاخۆ خەمی بوێ... لەم ژینە لەم کورتە ڕێیە**
**بەچاوی نێرگز سوێند ئەخۆم... بە ئاگری نەورۆزەکەم**
**شاعیرێکم خەمی هەموو... شاعیرانی کوردم پێیە**
**ئەگەر مردم لە برسانا هەتا ماوم ڕیا ناکەم**
**لەڕێی چەوتی ڕیاوە نان و ئاوی خۆم پەیدا ناکەم**
**کە ئەنجامی هەموو یەك بستە گۆڕی تەنگ و تاریك بێ**
**لە ڕاستی ڕاستە ڕێی دووچاوی تیژم نابینا ناکەم.**

– ناوداری نەتەوەی کورد (مستەفا پاشای یا ملکی کوڕی عەزیز یا ملکی) ساڵی ١٨٦٦ لە سلێمانی لەدایك بووەو لە ١٩٣٦ کۆچی کردووە.

**دەترسم بمرم ئەی وەتن نەبینم بەختیاری**
**بنووسن با لەسەر قەبرم وەتەن غەمگین و من غەمگین.**

– گۆڕی خوا لێخۆشبوو (مامۆستای شاعیر محمد امین کاکە شێخ) ن/ کاردۆخی ١٩١٦ لە تەوێڵە لەدایکبووە ١٩٨٢/٨/٦ لە سلێمانی کۆچ دەکا

**بە دەردی پیسی (شێر پەنجە) خوا دایم بناڵێنێ**
**ئەوەی خونچەی گوڵی کوردان لەبۆ دوژمن ئەژاکێنێ.**
**ئەی خاك دەخیلتم قەدری بزانە      ئازاری نەدەی لەلات میوان**

– هونەرمەند (هەڤاڵ غفور محمد) ناسراو بە هەڤاڵ مایاوایی ١٩٦٤-٢٠٠٢/١٠/١١ لە وڵاتی سوید بەکارەساتی دڵتەزێن کۆچی کرد.

**تەنیا فرمێسك و گریانە ئاسوودەیی بۆ روح بهێنێ**
**خەمێك لێرە من خواردم لەوڵات**
**قەت نەم دیوە کەی هەبووە**



**فرمێسکی من ڕشتوومە بارانی وام نەدیووە.**
**خەمی دووری و بێ وڵاتی بە ئازارەوە ئەمخنکێنێ**
**هەموو شەوێ ڕۆحم ئەڕواو لە کازیوەدا دێتەوە**
**هەتا ئەو کاتەش من مردووم چاوەڕێی ئەم بێتەوە.**

– (سالم)ی شاعیر (١٨٠٥-١٨٦٩)

**شەوکەت و شان و حوقووقی (حوکمی بابان) یان فرۆت**
**... دوو رەشی دنیاو عوقباین لە بۆ نەطورایان**

※ وێنەکەی لەسەر بەرد تاشراوەو لەپشت سەری دانراوە

– ( کوردی ) شاعیر (١٧٨٢-١٨٥٩)

**ئەو هەوای کەوتبووە کەللەی خائینایی تخت خواە**
**بەختی کرد بۆ جەختی رۆمی بەخت و (دوودمان)**

※ وێنەکەی بەبەرد تاشراوەو لەپشت سەری دانراوە.

– مێژوونووسی کورد (امین زکی بگ) (١٨٨٠-١٩٤٨)

**ئەگەر مردم و قەومەکەم نەدی سەربەرزو ئازاد**
**بزانن دەناڵێ روحەکەم تا ڕۆژی میعاد**

**ئەی لاوان تێ بکۆشن      ئەگەر ویستان روحی من ببێ شاد**

※ گۆڕی ناودارەکان و شاعیر و نووسەر و زاناو.. هتد. بایەخی پێ دراوەو لەسەری شیعر نووسراوە و قەفەس و ژووری تایبەتی یان بۆ دروست کراوە، بەڵام گۆڕەکەی (ئەمین زەکی بەگ) ئەگەرچی لە ژوورێکدایەو دەرگای هەیە کەچی کێلەکەی شکێنراوەو بەپێی قسەی قورئان خوێنێك کە لەگۆڕستانەکە بوو گوایە چەندین جار گۆڕی ناودارەکان چاك دەکرێتەوە، بەڵام خەڵکی دواکەوتوو ئەیشکێنن و تێکدەدەنەوە. جا ئێمە لەگەڵ (کاك عاص قورئان خوێن) پارچەکانی کێلەکەی (ئەمین زەکی بەگ) مان کۆکردەوەو ڕێکمان خستەوە تا بتوانین بیخوێننەوە.

– حمه ئاغای عبدالرحمن ئاغای عبدالله ئاغایه (١٩٦٢) کۆچی کردووه.

**ده ئەی سەیوان ئارامگای پیرۆز    ئاغات بگرە خۆت وەك دایکی دڵسۆز**

* ئەمە گۆڕی باوکی خێزانەکەی (ئیدریس بارزانیـە) کـە لەگـەڵ گـۆڕی کورەکـەی لـەناو ژوورێکدا بوون.

– ڕەفیق چالاك (١٩٢٥-١٩٧٣/١١/٣٠) کۆچی دوایی کرد

**لەسەر گۆڕو قەفەسەکەی نووسراوە**

**هەواڵی ناخۆشی کۆچی چالاك بوو    هونەرمەندێك بوو لەناومان تاك بوو**
**وێژەو هۆنراوەو چیرۆکی جوانی    پڕ لە پەندو ڕازی نیهانی**
**چالاکی کۆڕی وێژەو هونەر بووی    بێ باکی ڕێگەی سەخت و خەتەر بووی**

**لەقسەی نەستەق یا وشەی کوردی    بلیمەتێك بووی داخەکەم مردی**
**پلاری قەدر هەر بۆ تۆش نیە    چەند زانای پێکاو هیچ چاریش نیە**

**کشا ئەستێرەی ئاسمانی تارت    لە یادمان ناچێت شیعرو وتارت**
**سۆزو ئاوازت لەم نیشتمانە    هەرگیز کۆن نابێ و لەسەر زمانە**

**(رفیق چالاك) لە مێژووی سەوزی هۆنراوەی کوردی**
**دارە سنەوبەرێکی هەمیشە زیندووی ئێمەی**
**قومریەکی چاوشینی وڵاتی گۆرانی ئێمەی**

- شاعیری نەتەوەی کورد (محمد صالح دیلان) (١٩٢٧-١٩٩٠)

**ئەی نەتەوە وەرن بڵێن دیلانی کورد... دەستی مردن نایمرێنێ**
**ساز و ئاواز و هەڵبەست و    ویژدانی گەل ئەیژێنێ**
لای ڕاستی گۆڕەکە/    **تا ئەو کاتەی چوار ئێسکەکەم ئەچێتە ناو چاڵ**
**بۆ کوردستان دەسوتێم دەبم بەزو خاڵ**



**ئەی تاریکی ڕۆژی رونی چوار دیواری بەندینخانە**
**ئەم جارە دیلانی خەبات دابەزیویی سەیوانە**

**ئەی کۆت و پەیوەندو ئازار،    ئـیتر سـنگی ژهراویتـان ناگەتـە سـەرما... هـستی کوردستان... سۆزی خاوێن گیانی دیلان**

**ئەی کوردستان... دیلان شێتی سروشت بوو... ئەی نەتەوە... دیلان دڵسۆزو پشت بوو.**

**بەیادی کەن... بەیادی کەن... دیلان لە ڕێگەی ئێوەدا ڕێگاو پرد بـوو... دیـلان مرۆڤـی تێکۆشەر... دیلان کورد بوو.**

– مامۆستا یونس توفیق عبدالرحمن ١٩٩١ لە ٧٦ ساڵە کۆچی کرد.

**ڕۆژی یەك شەممە بیست و هەشتی حەوت**
**مەرگ یەخەی گرتی و دڵ لە لێدان کەوت**
**مامۆستای بەرزی بەوفاو حورمەت**
**گشت قەرزاری تۆیین بۆ هەوڵ و خزمەت**
**یەزدان کاك یونس لای تۆ میوانە**
**ئاگاداری بەنوری چاومانە.**

– مەلا عثمان مەولود خدر لە ٦٤ ساڵیدا کۆچی کردووە لە ساڵی ١٩٨١

**من بەجێم هێشتن بەخوام سپاردن    بێ بەشم مەکەن لەڕەحمەت ناردن**
**لە باشیوو چاکە مەبن دەست بەردارتوێشوی بەنرخن لای پەروەردگار**

– هێرش ئەحمەد محمود/ ١٩٧٤-١٩٩٤

بەو پەڕی ئامانجەوە ڕێبازی پێشمەرگایەتی
بوو بە وانەو فێریکردم خەم دەردەی کویلایەتی
داخەکەم ئەنجام شەڕی پڕ کارەساتی خۆ کوژی
کوشتمی و نەم دی بەهارو نۆبەری کوردایەتی

| | |
|---|---|
| هێرش گیان کۆستت یەکجار گران بوو | کۆستی گەورە بوو جەرگ بڕان بوو |
| هەر کاتێ بیری مەرگی تۆ ئەکەم | هەوارم تەنها بۆ لای خوا ئەبەم |

* ئەمەی سەرەوە لە شەڕی برا کوژی کوژراوە کە چەندین کەسی تریش خۆراکی ئەم شەڕە بوونە لەبەر ئەوە چەندین شیعر دەبینین لەسەر گۆڕەکان کە باسی ئەو کارەساتە دەکا.

– (عەولە سپی) عبدول محی الدین مەلا ابراهیم لەتەمەنی **٢٩** ساڵی لەشەڕی بەر دەرکی سەرا لە ١٩٣٠/٩/٦ لە سلێمانی شەهید کرا.

| | |
|---|---|
| هاوار بەماڵم چیمان پێ کرا | قەدری میللەتان بەجارێ شکان |
| لە چرکەیەکدا صەدمان لێ خرا | نە حەیاتان ما نە ناونیشان |
| هێشتا خەڵاتیان ئەکەن بە برا | وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان |
| دەك خەجاڵەت بن لەڕووی مەحشەرا | هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان |
| ئێمەش خاکی خەم ئەکەین بەسەرا | (پیرەمێرد لە تەخمیسی بێکەس) |

نەخێر عەول هەڵسایەوە دیسان تەوژمی دایەوە

| | |
|---|---|
| نیشتە سەر مەترە لۆز تەقێن | جەستەی کردە خەڵتانی خوێن |
| وەی بەقوربانی دەستت بم | فیدای باوەڕو هەستت بم |
| مردن هەردوو بەسەر یەکا | تەقەو کوشتار نەما... مامۆستا |

(کاکل ژێر)٦/ ئەیلول



لە باوەش تا پشوی عومرم نەدی تاوێ بەسەربەستی
هەتا مردن زرەی زنجیری دیلی بوو لە گەردنما
ژیانم عارو زیللەت بوو لەژێر پێڵاوی دوشمنما
بە خوێن بێ و گڵ هەڵی لووشێ کەوابێ هەیکەلی مەستی
گۆران/ هەڵەبجە/ ئەیلول ١٩٣٢
هەڵۆ بەگ گوللەیی ئەوەل لەڕانی دا دووەم دەستی
کە خۆی و قەومەکەی وادی بە چەشنی شێر نرکانی
پەلاماریدا کە بۆ ظابطێ یەك زللە خپ خستی
دەمانچەی سەنگ لەدەستی و ئاگریدا تاوەکو توانی

گۆران/ هەڵەبجە/ ئەیلول/ ١٩٣٢

– گۆڕی شیلان/ لەسەر قەفەسەکەی نووسراوە **(نە مردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ... شەرتە نەچم هەتا ئەو خوارە بێ تۆ... هتد. هەمووی نووسراوە).**

هەروەها هۆنراوەیەك نووسراوەتەوە کە برای مردووکە نووسیویەتی و دەقەکەشی بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| شیلان کچەکەم تاقانەی دایە | هەر چەندە بۆت بگریم هەر تۆمە خدوری |
| ئێمە لە دوای تۆ چاومان هەڵنایە | من پێنج ساڵ پێش تر ئەمەم ئەزانی |
| بۆ بەجێت هێشتم پاشە بەرەکەم | بۆ تەنها جارێ لام نەدرکانی |
| منیش هەر وەك تۆ کفن زەرد ئەکەم | بیرتە ئازیزەکەم کە گەڕایتەوە |
| دادە سەیر کە تەنها نگایە | لە خەم دا ئەتلاوێتەوە... کەم کەم |
| من بە کەسێ کەسە بووریم نایە | خەم دا یاربوو لەچاوی جوان... |
| یاخوا هەر تەنها چاوی هەڵبێنێ | تومەس ڕۆیشتبوو روحی ڕەوان |
| نازو عیشوەکەتم بۆ بلەنجێنە | لەڕێ ئەمانە وت خەمێکی سەختە |
| دەسەرت بێنە بیخە سەر کۆشم | توومەس قەدەرەو تۆی لا مەبەستە |
| با مەمکەکانم بۆ دابدۆشم | تۆ زۆر جوان بووی... کاروان نەگەیشت |
| دەسەر بنێرە سەر کۆش کورەی دەروونم | خوا تۆی پێویست بوو بۆ حۆری بەهەشت |
| بۆت هاتە جۆش دەکوا ئۆقرە برا سەبووری | ئۆتۆمبێلەکە ڕێی هەڵە کرد |

**تایەی ئەتەقی مەیلانی ئەکرد**

**سەرمان سورمابوو لەکاری خودا**

**لەتۆ جوانتر کەس نەبوو بی با**

**سەرمان سوڕمابوو هەموو بەجارێ... ئاخۆ بەختی کێ یەکجار سووتابێ، بەڵام تۆ هەمم جوان... هەم سادەو سانا هەم بێ گوناە بووی... ئەمانە هەمووی کاری خودا بوو... تامالّی ئێمە گەردی بەبابوو... پیرۆز بێ لە خوا شازادەیەکی وا... داوامان وایە سەبووریمان با**

**(هۆنراوەی سامان- برای شیلان)**

– خدیجە شێخ محمدی کۆنە پۆشی لە ٢٥ ساڵی لەسەرەتایی پایز ١٩٨٨بە کارەبا گیانی لەدەست داو لە ١٩٦٢ لەدایك بوو بوو.

**ئەی خاك ئەم شۆخەت لا میوانە　　　چونکە غەریبە قەدری بزانە**

**لێرە گۆڕەکەی بۆتە تاقانە　　　خاوەن عەشرەتە لە مەریوانە**

– ئارامگای جوانە مەرگ (طە غفور تەوفیق) لە تەمەنی ٧ ساڵی کۆچی کرد

**جگەر گۆشەکەم ئەی تەهای ناو خۆڵ　　　موبارەکت بێ یانەی تەنیای چۆڵ**

**هەڵوەری خونچەی گوڵاڵەی ئاڵمان　　　بای مەرگ بردی ڕوناکی ماڵمان**

– عثمان صالح سعید لە تەمەنی ٣٧ ساڵی شەهید کرا.

**چ تاوانێ بوو دەرهەق بە من چەقۆی پیس و چەپەڵ کردی**

**چ دڵ کوێری بوو هێلانەی وەها بەم چەشنە شێواند**

**بە تەنها مەرگی لێ دەرچێ چ هێزی بوو کەبتوانێ**

**وەکو دارێ هەڵمکێشێ لەباخی خۆشەویستانە**

**لە تافی لاویا بووم کەچی ئێستا لە سەیوانم**

**لە قوربانا بەدەستێکی چەپەڵ من قۆچی قوربانم**



– پەروین حسین محمود لە ١٩٩٥ کۆچی کردووە.

**ئەی ئەو کەسەی لەسەر قەبرم ڕاوەستاوی سەرسام مەبە**

**من دوێنێ وەك تۆ بووم تۆش سبەینێ وەك منی.**

* ئەم دێرە شیعرەی سەرەوە لە ناوەڕۆکی واتاکەیدا بەنووسینێکی ئینگلیزی دەکات کە تایبەتە بەنووسینی سەر گۆڕەکان نووسینە ئینگلیزییەکە بریتییە لە:

Beware ye people passing by

As you arenow, So once was I

And as Iam now, So must you be

Prepare for death and follow me…

( Bird ville cemetery, Maltom city. Texas)(83).

و کوردییەکەی: **ئاگادارییەك بۆ ئەوانە بێرەدا تێدەپەڕن**

**منیش ڕۆژێك وەك ئێستای تۆ بووم**

**تۆش ئەبێ ڕۆژێك وەك منت لێ بێ**

**خۆت حازر کە بۆ مردن و بە دواما وەرە**

واتە: هەندێ نووسینی سەر گۆڕەکان دەکرێ هەمان واتا بدات بە دەستەوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەیە کە دیاردەی مردن دیاردەیەکی گشتییە و لەناو میللەتەکاندا دووبارە دەبێتەوە جا ئەگەر بە وردی بگەڕێین لە نموونەی ئەم جۆرە پێکچوونانە لە نێوان نووسینی میللەتەکاندا بەرچاو دەکەوێ.

– صالح عومەر لە ١٩٦٦-١٩٨٦ لە خەلەکان شەهید کرا

**شیرینم تاڵی خۆشیم خەفەتە　　　دەروون زامدارو جەرگم لەت لەتە**

**لەو ڕۆژەی باڵای تۆ کەوتە ژێر خاك　　　تاریکە شەوە لام ڕۆژی ڕووناك**

**لە کاتێکدا کە مردیشم دوور لە سلێمانی**

**نە دڵ سۆزی لە دەورم بوو نە کەس بەم کوشتنەی زانی**

( 83) http://en.wikipedia.org/wiki/Epitaph#FamousEpitaphs.

- ئارامگای شەهیدی نەمر (شێخ نوری شێخ صالح لە بنەماڵەی ساداتی بەرزنجەیە) لە ١٩٨٤ شەهید کرا.

**هەڤاڵی نەبەز باوکی هیوا تۆ زامێکی سارێژ نابیّ**
**هەڵۆیەك بووی لە ئاسمانی کوردستاندا قەت ون نابیّ**
**سوێند بەهێزی مەزنی گەل... بە پرشنگی خۆری دەم کەل...**
**بە وڵاتی ئاڵا نەدیوو... بەخۆزگەی سەر لێوی تەزیوو.**

- صالح توفیق لە تەمەنی ٣٨ساڵیدا لە ١٩٧٨ کۆچی کرد

**نەوجەوانێك بوو دلێر و زانا**
**کۆچی کرد داخی نابە دڵمانا**
**ئەی ڕۆڵەی دلێر کاکە صالح گیان**
**شێری بە جەرگی کۆڕی تێکۆشان**
**دوێنیّ جوانیّ بووم ناسك تر لە گوڵ**
**نەمامی هیوام ئەناشت لە ناو گوڵ**
**ئەمڕۆ خەڵاتی مەرگی کت و پڕ**
**گەڵای ژینمی وەرانە ناو گڵ**

- ڕێکەوت عطا شێخ عومەر نۆدێی (١٩٨١-٢٠٠٤)

**خەو**

**ویستم بخەوم خەو چووە چاوم**
**لە خەوما مردم ناو گۆڕ نێژراوم**
**کە ویستیان بە گڵ لەشم داپۆشن**
**لەخەو ڕاچەنیم سەیرم کرد ماوم**

**مردن**

**ئەگەر دەمزانی چ ڕۆژێك دەمرم**
**بەر لە مردنم گەردوون ڕادەگرم**
**لە شاری ژیندا بەرامبەر مردن**
**ئاڵای یاخی بوون خێرا هەڵدەگرم**
**ئەی خاك ئەم لاوە لات میوانە**
**خستویەتیە ژێر گڵ غەمی زەمانە**
**چاك بیگرە باوەش قەدری بزانە**
**چونکە بەخشیویە گیانی بەم نیشتمانە**
**خۆشت ئەزانی چەن بەدڵ سۆزی**
**هەوڵی ئەدا بۆ گەل و هۆزی**
**ئەی وت نامەویّ بژیم بەشادی**
**هەتا نەبینم میللەت بە ئازادی**
**ئەمە بوو قسەی ئەو لاوە دڵسۆزە**
**تا داینا گیانی لەڕێگەی پیرۆز**
**دەتۆش وەکو دایکێکی جگەر سۆز**
**بۆی بلاوێنەوە بەدەنگێکی پڕ جۆش**
**تا گشت جیهان ئەهێنیتە لەرز**
**بڵێ لەدەستم چوو ڕۆڵەیەکی نەبەز**



- کریم عزیز ملکندی (١٩٣٢- ٢٠٠٤)

**ئێمە دەمرین دەبینە خاکی سەرەڕێ**
**ڕۆژ و شەو تێ پەڕی سبەینیّ دەگەڕێ**
**دەزگا و دووکانی شارەکاندا دەنریّ**
**ئەویان دەفرۆشیّ ئەوی تر دەکڕێ**
**ئەم باوکی مردووەو یەخەی دا دەدڕێ**
**ئەو بووکی نوێیە هەیە کەوای بۆ دەبڕێ**

※ ئەم دێرە شیعرانە باسی ژیان و مردن دەکات و لایەنی دژایەتی لە نێوان ئەم دوو دیاردەیە دەکاتە ڕوو هەروەها بەردەوامی ڕێڕەوی ژیان لەپاش مردن.

- عبدالله فاتح ١٩٥٦-٢٠٠١

**چاری نەکردم دکتۆرو دەرمان**
**بەسەر کەس نەیەت دەردی بێ دەرمان**
**نەزامی خەنجەر نە گوللەو تیر بوو**
**نەخۆشی مەرگ لەگیانم گیربوو**

※ ئەم دوو دێرە شیعرە لەسەر زۆربەی ئەو گۆڕانە نووسراوە کە مردووەکە بە نەخۆشی کۆچی کردووە.

- حسیب حمە شکر عەلی (ئۆمەرمەندانی) ١٨٩١ لە کەرکوك لە دایکبووە-٢٠٠١ شەهید کرا.

**گەر هاتوو ڕۆژگار لەناوی بردم**
**هیواو ئاواتی زیندە چاڵ کردم**
**جا بەم وێنەیە یادم کەنەوە**
**دڵی دۆستانی پێ بدەنەوە**
**(هۆنراوەی شەهید)**

- حاجی مصطفی صادق ١٩٢٨-٢٠٠٣

**هەموو مرۆڤێك شایستەی مردنە**
**ناوت نامریّ جێگەت دیارە**
**چاکەو پیاوەتیت هەر یادگارە**

※ ئەم نووسینانە زۆر دووبارە دەبێتەوە لەسەر گۆڕەکان

— عمر عبدالله كريم شاه محمد ١٩٨٢-٢٠٠٣

گوڵی ژيانم نەگەشايەوە    بەجوانە مەرگی سەرم نايەوە
پەپولەی ئارەزووم نەنيشتە سەر گوڵ    هيواو ئاواتم نرايە ژێر گڵ

من ئەگەر عاشق نەبم لەخۆمدا تينوم    من ئەگەر عاشق نەبم زوو دەمرم
سينەم محتاجە ئاگر سووتانە
سينەی زەردەشت دەبم من    دەبمە برينەكانی سەختی من
سفر دەی دڵ خاڵييە پيرۆزبێت لێ    دەكەم ئەی هاوسەفەرم ئاگر لە كوێيە؟

— احمد عمر احمد ١٩٦٩-٢٠٠١ بەكارەسات

تۆ مەغريبی پڕ بارانی خۆشەويست و گريانم بووی    تۆ هەرێزی شەوغی دنيای بوون و ژيانم بووی
تەمەنی لاوييم زوونايە ژێر خاك    نەم بينی خۆشی لەدونيای ڕووناك
بۆيە نەترسام لەو نامەردانە    نرخی مرۆڤيان زۆر لا هەرزانە

— حەلاوە سيد عومەر بابا شێخ نورەبانی ١٩٣٢-٢٠٠٣

دايە ژيانت پێ كردين خەڵات    هەتاكو ئێمە بگەينە ئاوات
داخەكەم كاتێك ئێمەت پێ گەياند    گەڵای تەمەنت لەدار هەڵوەراند
دايە گيان تخوا بەو دوو چاوە جوانە    ئاخر نيگاتە تێر بۆم بڕوانە
چونكە دوا جارە ناتبينم هەرگيز    لەخەودا نەبێ شێوەی تۆی ئازيز

※ ئەم دوو دێرەش لەسەر گۆڕەكان زۆر دووبارە دەبێتەوە

— بەندەر بەختيار حەمە امين (٢٠٠٢-٢٠٠٥)

بەندەر كفنەكەت بەخوێن ڕەنگاوە    مانای شەهيديت لەسەر نووسراوە
سيارەی نەگبەت لەكاتی لێدان    ئەجەل دەفتری ژينمی هەڵوەراند
كێ بە تەما بوو كۆچ كەی لە ناكاو گوڵت هەڵوەری وەك باخی بێ ئاو



— عثمان حەمە گوهەر (١٩٤٢-٢٠٠٤)

قەت نەبوو ساتێ دڵ بێ جەفابێ    قەترەيەك دەرمان بۆ من شيفابێ
چارەی نەكردم دكتۆر و دەرمان    تووشی كەس نەبێ دەردی بێ دەرمان
بەگيانی پڕ ئێش هەروا مامەوە    وەك مۆمی سووتاو هەر ئەتوامەوە
※ ئەم دێرانەش زۆر دووبارە دەبێتەوە.

- ئاواز كريم اسعد (دەرماناوی) ١٩٧٢ لە كەركووك لەدايك بووە- ٢٠٠٢ لە سلێمانی كۆچ ئەكا.

ماڵ چۆڵ و هۆڵ بێ ئاوەدانی    ژيان و خۆشيم مەرگ ژاكانی
ڕۆڵەم بێ دايك بوو لە دنيادا    عومری شيرينم زوو چوو بەبادا
لە ناكاو بای ئەجەل كارێكی كرد پێم    چرای ڕووناكی كوژاندەوە لێم
لە يادتان دەرنەچم هەرگيز كە    مەرگی جوانی چەند تاڵە
وا بەجێم هێشتن ئەی دايە    بەعومری بيست و حەوت ساڵە
دايە گيان بنو خەوی بێ هەستان    ئێمەت لە دونيا كرد سەرگەردان
نە دايكمان هەيە نە ماڵی ئاوا    دايكە بۆ وات كرد هەت بو (٢) ساوا

— عەلی مەلا طاهر صابونچی ١٩٤٤-٢٠٠٥ لە ئيطاليا كۆچی دوايی كرد

گوڵێكت خۆش ويست نەكەی بۆنی كەی    هەر لەدوورەوە تێر سەيری كەی
چونكە دەست لێدان گوڵ ئەژاكێنێ    وەك تەرزەی بەهار لاسك ئەشكێنێ
باوكی نازدارم هەردوو چاوەكەم    زوو كوژانتەوە چرای ماڵەكەم
ئەمڕۆ زوو هەستام بەجێم نەهێڵی    كەچی سەير ئەكەم بەجێت هێشتبووم

— ڕووناك پيرۆز رحمان ١٩٦٥-١٩٨٨

وەك من دڵسۆتاو مەگەر پەروانە    لە دونيا نيە وەك من پەروانە
مارو مێروان هەيانە جێ و ڕێی    تەنها هەر منم بێ جێگەو لانە
گەڵێ شينم گێڕا شاديم كەم ديوە    ئەڵێن شادی هەيە، بەڵام نەم ديوە
گوڵی ژيانم زەرد بوو هەڵوەری    پەپوولەی ئاواتم نەنيشتە سەری
خەزان گولاڵەی ژينی وەرانم    بوو بەشەوە زەنگ ڕۆژی ژيانم

— شەهید هاوڕێ اسماعیل صدیق ١٩٦٥-١٩٨٥

له دوور وڵات بیستم هەواڵێ    هەواڵی کۆچی دیده هەڤاڵێ
له تەوقی سەرم تاکو بەر پێم    تەزووی ئازارێ تاریکی کرد ڕێم

— نەقیب حسین اسعد محمود

١٩٦٧-١٩٨٦-١٩٨٨ زیندانی کرا له ٢٠٠١/٩/٢٥ له سیروان به سەختی بریندار بوو له ٢٠٠١/١١/١٦ کۆچی کرد.

یاران نەهاتن له کاتی مەرگا    نەتاندی ئەو خوێنەی ڕژا به بەرگا
کاتێ شەهید بووم که دەرچوو گیانم    خوێنی زامی خۆم تینوی شکاندم
هەڵوەری خونچەی گوڵاڵەی ئاڵمان    بای ئەجەل بردی رووناکی ماڵمان

- صلاح الدین عبدالله بەگزادەیی خەڵکی بانەیـە لـە ١٩٩٧/٩/١٢ بەدەسـتی ڕەش شەهیدبوو.

داخەم ئەو داخەن دەردم ئەو دەردەن    دەڵێن غەریبێك لەم شاره مەردەن
خۆ من نەمردووم بەمردنی خوایی    بەڵکو به فیشك جەرگیمان دەرهانی
ئەویش کوردێکی بەکرێ گیراوبوو    تەقەی لێ کردم بەقسەی ئێرانی
مدەی چەند ساڵێك دوور لەکەس و کار    جەنازەکەشم لێیان بوو بەبار

— اسماعیل کریم محمود ١٩٥٠-٢٠٠٤/٣/١٨ به نەخۆشییەکی کوشندە

خزمان بگرین لەسەر گۆڕم    کەوا مردم به ناکامی
بەتەمەنێکی کورتەوه    چەند زوو سەرم نایەوه
ڕۆژگارێکی یەکجار کەم بوو    نەمزانی چۆن بڕایەوه



— ئاوات ئیسماعیل کەریم ١٩٩١ لـە تەمـەنی ١٨ سـاڵی بەکارەسـاتێکی دڵ تـەزێن شەهید کرا.

گەڕابووردی به ئاسپایی لەسەر ئەم گۆڕه پێ دانێ
که ئاوات ناوێکی تێدایه مەگەر ئەو خوایه بیزانێ
له باغی خۆشەویستیدا گوڵاڵەی نەوجەوانێ بوو
کەچی کاتی گەڵا ڕێزانی ئەو هێشتا بەیانی بوو

— ئارامگای شەهید (محمد حسین کریم) ناسراو به (حەمه حسێن) (١٩٥٩-٢٠٠٣)

به کوردی ئەژیم... بەکوردی ئەمرم بەکوردی ئەدەم وڵامی قەبرم بەکوردی دیـسان زینـدو دەبمەوه... لەو دنیاش بەکوردی تێ هەڵدەچمەوه.

* ئەم دێره شیعرانه هی (هەژار ) ی شاعیره

سلێمانی ئەتۆ بەکورد ئەمینی    هەتا بمێنێ کورد ئەمێنی
ئەوەی بۆ کورد ئەژی ئازایه    مەرده ئەوەی بۆ خۆی ئەژی عەمری نەمێنێ

— شەهید ژینۆ سەربەست کەریم ١٩٧٧- ١٩٩٥ شەهید کرا

من ژینۆکەی جەستەی ئێوەم    له خاکیشدا هەر بەپێوەم
ئەو بارەی لەسەر شانمه    هەگبەی کارایەو ناونیشانمه
ئەم وڵاته بەهاری خەزانی خەمه    هاوینی هەمیشه بارانی تەمه
پاییزیش هەر گەڵا ڕێزانه    زستانیش گۆڕستانه
که ڕەشەبا لەگارا هەڵی کرد    هەڵۆی بیرم لەسەرمادا باڵی گرت
له بیرتا نەکاتێ دەمگوت    بەرامبەر بەخاك بێ وەفانیم
ئەوە به خوێنی خۆم سەلماندم که کوردستانیم
لەدوا ساتدا بەرەو گۆڕ دەڕۆم
چونکه پێم وایه... ئەوەی ویستم... لەویستی دەوروپشتم... به ئامـانجی بگـەێنم.. لـێم بەجێ ماوو بەجێی هێشتم
فەرهەنگەکانم ناویان خەم و نەگبەتیه

هیچیان تیادا نیە تەنها باسی ناڵەو گریە
هیچ شتێك لەنامۆیی و دووری ناخۆشتر هەیە
ئیتر بۆ وەستاوی بیانۆت لەسەر چیە
غەم هەر غەمە بڵێی و نەڵێی... بیانوسە باشترە... بزانە کامیان سوك ترە
(بەرهەمەکانی شەهید)

– جمال عزیز حاجی عارف ١٩٣٤-١٩٩٢ بەکارەساتی دڵتەزێن

سەرم نایەوە بە برینەوە          بەداخ و خەم هیوای ژینەوە
هیوای خۆم نەدی بەچاوەکانم          زوو بەجێم هێشتن مناڵەکانم
لە سایەی عیزەتی نەفسم سەر شۆڕ ناکەم بۆ هیچ کەسێ
سەربەرزیمە کە نایەڵێ دەمم بەرم بۆ هیچ دەسێ.

– دڵشاد عبدالله شریف/ ١٩٦٥-١٩٨٩

گەرچی دڵشادە ناوم          ڕاستیەکەی دڵ شکاوم
گوڵ و گەڵای تەمەنم          هەڵوەری لەبەر چاوم
نەمامێکی هەڵچووبووم          دەردە خوێن وشکی کردم
ڕەشەبایی مەرگی ناکاو          بۆ سەیوانی هێناوم

– حاجی رۆستم رحیم حەمە ١٩١٠-٢٠٠١

غەریب و غەمناك سەرم نایەوە
لەکوچەی شاران پاڵم دایەوە



– گۆڕی دلێرێکی خامە ڕەنگینە ١٩٠٥-١٩٤٨ (فایق بێ کەسە)

هەر زەمانێ کورد دەرچوو لەزوڵمەت بوو بەپیاو
ئەو کاتە جەژنی منە نەك جەژنی قوربان و پلاو
سیما بۆیە وامات و پڕ مەینەتە
کورد لێشواو کوردستان لەت لەتە
پیاو ئەبێ بۆ سەندنی هەقی لەکوشتن سڵ نەکا
هەر بڕوخێ بەس نییە تاکو نەسنرێ، نادرێ

گۆڕی بێکەس نەبەزە
کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێ گانەیە
دوو دڵن پیسن لەگەڵ یەك بۆیە وا بێ لانەیە
میللەتێکن بۆ نەمانی یەکتر هەوڵ ئەدەن
داخەکەم وردو درشتی شێتو شەیدای ئاینە
ملی بۆ شیری دوژمن خوارو کەچ و لەبارە
قەومێکی هێندە نەبەروەیەکی بەشی هەژارە
خوا گەورەکانی بکەی بێ کەڵك و هیچ نەزان

داری ئازادی بەخوێن ئاوی نەدەی قەت بەر ناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەر ناگرێ

– فؤاد محمد صابر (١٩٥٠-١٩٨٢) شەهید کرا

مامۆستایەك بووم بۆ وانەو...          بڵێم چی لەگەڵ ئاگر و ئاسن
توخوا بۆم مەگرین ئازیزەکانم          فوئادە کەوتۆتە گۆمێکی بن بن
ئەنجامی ژیان مردنە مردن          بەڵام داخەکەم هاتە ڕێم کوشتن
بەجوانە مەرگی بەخێر نەدیوی          سەرم نایەوە بە ناکامی من
تکایە مەیشۆن جێی برینی لەش          با لەزام بتکێ تکەی خوێنی گەش
شەهید بێ کفن و بێ شتن چاکە          هەر کەس شەهید بێ بێ گەرد و پاکە

- ئارامگای خوا لێ خۆش بوو (تریفە بکر فتاح) ١٩٦٩-١٩٩٠

**قەبرەکەی تریفە با بەرەو رۆژبێ　　عالەمی دنیا بۆی بە پەرۆش بێ**
**ئازیزم نەمزانی وەفات لاقاتە　　هەر جەورو جەفا دەردم خەلاتە**
**بێ مرەوتی تۆ لەسەد بەدەرە　　نسیبی دڵم زامی خەتەرە.**

- صالح قادر بەرزنجی ١٩٨٦ لە تەمەنی ٦٠ ساڵی کۆچ ئەکا

**کۆچت ئازارێکی سەختە لەناو دڵی هەموو مانا**
**گڕکانێك بوو تەقیەوە لەهەناوی هەموو مانا**

**وێنەی لەدڵدا یادگارێکە* چیمەنی سەوزی نەو بەهارێکە**
**چاکەو پیاوەتیت هەمیشە ماون* ڕێ نیشان دەرو ڕووناکی چاون**

- منیجە فەتاح (١٩٠٥-٦/٦/١٩٩٦)

**بە هەژاری دووری ڕێگام سەرابێ بوو... ئەندێشەی ژین لە پێدەشتا هەردەم زاڵ بوو... بێ ئومێد بووم لە ژیندا نەمدی خۆشی... بای ئەجەل هات و گوڵاڵەی هیوام هەڵوەری... لە باغی ژیان وێڵ بووم بۆ گوڵێ... بۆ تروسکێك ڕووناکیەك هەڵبێ... بەڵام داخەکەم نەتروسکە نەگوڵ... بزەو خۆشیان نەخستە ناو دڵ.**
**دایە گیان دوای تۆ هیچ خۆشیم نەما　　دوای سۆزو نازت غەرقم لە خەما**

- عثمان حاجی رەشید ١٩٤٦-٢٠٠٣ (بیورێ بی)

**ڕێبوارێکم بۆ پشویەك لام داوەتە ئەم دنیایە**
**کۆچکردنی ژیانم لە ئەمڕۆ یان سبەینێ دایە**
**خۆری تەمەنت زوو لێ ئاوا بوو**
**کۆچی بێ وادەت لەناکاوا بوو**



- ڕێبوار محمد کەریم/ ١٩٧٢-١٩٩٧ لە شاخی حەسەن بەگ شەهید کرا

**لە لوتکەی بەرزی حەسەن بەگ قارەمانێ　　شێرە دوژمن کوڕێکی پاڵەوانێ**
**بەدەست و تفەنگ وەك شێری مەیدان　　نەبەزی تا چووە ڕیزی شەهیدان**

- عمر عبدالله محمد البرزنجی ١٩٥٨-٢٠٠١

**ئەگەر پادشابی یاخود ئەمیر بی　　ئەگەر ئەجەل هات ئەبێ ئەسیربی**

- هۆشمەن بەهمەن رشید ١٩٧٦-٢٠٠٢ لە ئستنبول کۆچی دوایی کرد

**گەڕامەوە بۆ ئامێزی گەرمی ئێوە　　وەکو مەلێ ئازاد بووبێ لە ژان و ئێش**
**بۆ دیدارتان هێندە بێ باك بووم لە فڕینا　　نەگیشتم تابالّم بوو بە خۆڵەمێش**
**دوایی غەریبی چەند ساڵم بەرەو هەوار　　گیانم هەمووی لە نەشئەی پێکەنینابوو**
**بێ ئۆقرە بووم ساتێ زوتر بگەمە جێ　　بەڵام ئەفسۆس مەرگ بۆم لە کەمینا بوو**

- محمد صالح سعید دزەیی (حەکۆ صەباغ) (١٩٢٨-٢٠٠٠)

وتم ئازیز...
**قەدەر چۆن تۆی لێ کردمەوە... چی بوو لە تۆی جیا کردمەوە**
**وتی... مەرگ قەدرێکە لێکمان جیا دەکاتەوە (پاکژ)**

**وتم بابەگیان نەمزانی چۆن لەم غوربەتە... قەدەر هەڵی وەراند گوڵت هەرگیز لە یادمانا نەبوو گردی سەیوان... ببێتە گڵکۆو مەنزڵت.**

- احمد رسول حەمە مراد ١٩٣٢-٢٠٠١

**کوڕم گەر هاتی بۆ گۆڕستانم　　بۆ دیاری دەستت هەر چاوەڕوانم**
**با دیاری دەستت هەر فاتحە بێ　　چەن ئایەتێ بێ فەرمودەی خوا بێ**

* ئەم دێرە شیعرانە زۆر دووبارە دەبێتەوە

– احمد حاجی سەعید ١٩٤٣-٢٠٠٤

**تەمەن کۆتایی لەگشت کەس دەچێت    گرنگە ئەوەیە لەیادت نەچێت**
**دکتۆر زۆر گەڕام بۆ دەوای دەردم    ڕەزای خودا بوو چاریان نەکردم**

* ئەم دێرانەش لەسەر گۆڕی ئەو مردووانەی بەنە خۆشی مردوونە زۆر دووبارە دەبێتەوە

– گوڵ خاتر یوسف رشید ١٩٩٥-٢٠٠٤

**ئەی گردی سەیوان سەیوان و سەیوان    ئەی گەنج و گەوهەر ئەبەی سەر لێوان**
**هەر خوا ئەزانێ چی لەدڵمایە    چەند گوڵی وەریو لەژێر گڵمایە**

– حاجی صالح سەعید (١٩٩٣-٢٠٠٢)

**تەمەن کۆتایی لەگشت کەس دەچێت    گرنگە ئەوەیە لەیادت نەچێت**
**سایەو سێبەری دارەکەی دنیا    کەس دانانیشێ تا سەر لەبنیا**

– جمال شەوکەوت قادر ١٩٣٦-٢٠٠١

**نەمزانی ئاوا ئەڕۆییت و لەناکاو بەجێمان دێڵی**
**گوڵاوی خەم لە سیمای پڕ لە شادیمان ئەپڕژێنی**
**لە وەرزێکدا بەجێت هێشتین زستانێك بوو پڕ لەتەنیایی**
**لە دوای کۆچت خەزان و خەم هەر دوك هاتن بەمیوانی**

– فریاد سعید حمە صالح (پێنجوێنی) (١٩٨٢-٢٠٠٥)

**ئەی گردی سەیوان شاری خامۆشان    ئارامگای کوڕی بلۆری پۆشان**
**تۆ هەوارگەی خێڵ دەستەی بابانی    کوێستانی کۆچی نەوجەوانانی**
**کاروان بەرزەگەی قافڵەی لاوانی    گلۆدەرەی کۆچ... میرو گاوانی**



– هیوا فەتاح مەحمود (١٩٨٣-٢٠٠٥)

**یا ڕەبی هاوار هانام هێنا بۆت ×  ببەخشی تاوان عەبدە بەندەی خۆت**
**بۆ خاتری لوتفت بەحاڵم × تاریکی نەکەی ڕووناکی ماڵم**

**تکایە میشۆن جێی برینی لەش × با لەزام بتکی تکەی خوێنی گەش**

* ئەم دێرانە چەند جارێك دووبارە دەبنەو لەسەر گۆڕەکان.

– خەدیجە عزیز فتاح حاجی مامەندی (١٩٤٠-٢٠٠٥) بەکارەساتی ئۆتۆمبێل

**ئەی جێی نزرگەی یارانی خامۆش    دایکی دڵسۆزمان نەکەی فەرامۆش**

**کێ بەتەما بوو کۆچ کەی لەناکاو    گوڵت هەڵوەری وەك باخی بێ ئاو**

* ئەم دێرانەش دووبارە دەبنەوە لەسەر گۆڕەکان.

– ئەوین سۆران جەلال لە **١٩٩٥/١٠/٢٣** خونچەی ژینی هەڵوەری

**زۆر گەڕام لە دنیا نەبوو جارێ    دەرمانێ بۆ نەخۆشی دڵم لە هیچ شارێ**
**بەو ئەستێرەیەی هەڵدێ لای مەریخ    بەد بەختیەکەی خۆم ئەنوسمە تەئریخ**

**هەر لەسەرەتای بەهاری ژینا    کەوتمە دنیای پڕ لە ماتەمینا**
**خونچەی ئاواتم نەگەشایەوە    هەر بە جاحێلی سەرم نایەوە**

– قربە حاجی حوسێن ١٩٣٦-١٩٩٤

**هەر لەجوانیم تاکو پیریم    قەد دڵم بێ غەم نەبوو**
**چەند چڵم ڕەیحانە ناشت   یەك چڵیشی سەوز نەبوو**

– هاوڕێ عبداللە محمد ١٩٦٤- ٢٠٠١ بەکارەساتی دڵتەزێن

**خۆری تەمەنت زوو لێ ئاوابوو    کۆچی بێ وادەت لەناکاوا بوو**

– حاجی انور جلال پێنجوێنی

ساقی سایەقەی جوانیم تەمی کرد        ژیان تێپەڕی تەمەن کەمی کرد
پیری بازاڕە گیان هەڕاج ئەکا        مەرگ کڕیارە هاکا زەمی کرد

– نێرگز احمد الله کرم ١٩٢٦-٢٠٠٣

بە ئومێدی ڕەحمەکەی تۆ پەروەردگار وا بەڕاکردن بەرەو ڕووت دێم
من بەهیوام ڕەحمەکەی تۆ گشت گوناحەکانی دایکم بفەوتێنێ

– حاجی ئامینە خلیفە نجم رضا لە٢٠٠٣/٧/١ کۆچی کرد

ئەی جێ نزرگەی یارانی خامۆش × دایکی دڵسۆزمان نەکەی فەرامۆش
موسڵمانیەتی خۆشە دڵ بە پەرداە چاو بەپەردەو لێو بەقفڵەوە
دەروێش و دیوانەی گەیلانم        هەڵگری پەرداخی کەسنەزانم

– حەمە کاکە جمال جلال لە ١٩٧١-١٩٨٦ بوو بە پێشمەرگە و لە ١٩٩٢ شەهید کرا.

دایە مەیپۆشەجلی ڕەش بۆ من × باوکم زوو سەندی تۆڵە لە دوژمن
ئەو جێگایەی منی تێدا شەهید کرا × هەر لەو جێگەیەدا دوژمن کوژرا

– فەرماندەی مەفرەزەی سەرەتاییەکانی شۆڕش (فەریدون حەمە صالح )
(١٩٥١- ١٩٨٦) بە نەخۆشی لە سلێمانی کۆچی کرد.

هەموو گیانێك شایستەی مردن
هەموومان لە یەزدانین و بۆ باوەشی ئەو دەگەڕێینەوە
ئێستەش بزانە کە لەسیوانی        بۆ وڵاتەکەم هەر پشتیوانی
سەنگەری ئێستات کە لەسیوانە        هەر سەنگەرەکەی لای ناوگردانە

– هاوڕێ لەتیف صدیق (١٩٨٨-٢٠٠٠) بەکارەسات کۆچ دەکا

ژیان بە تەحقیق هەموو مەجازە        ڕازو نیازی قەت تیا مەخوازە
سینەت قەڵغانی تیری قەزا بێ        نسیب چی نووسی هەر ئەبێ وابێ



– مامۆستا کەمال حاجی مەلا رسول تەلانی (١٩٤٩-١٩٩٧) بە نەخۆشییەکی کت و پڕ

پەلەمەکەن مەشارنەوە        ئەم لاشەیە دامەپۆشن
مێرگ بژوێن زەرد هەڵگەڕا        ئەرخەوانەکان خامۆشن
قەڵەم بەدەم گریانەوە        سرود بۆ فرمێسك ئەنووسێ
گەرمە شینە خۆر ئاوابوو        مانگ دیار نییە کەس ناپرسێ
ئەوەی کۆچی دەدا هەناسەی        کەڵە مێردی ئەم کوردەیە
ماڵئاوایی کۆڕی کۆنە        سەر بڵندەو گەش مردەیە.

– علی صالح سەعید ١٩٤٠-١٩٩٢

من مرۆڤێك بووم ویژدانم هەبوو        شەڕو خراپەم بۆ هیچ کەس نەبوو
چاوم لەپارەو خۆ فرۆشتن نەبوو        ڕێبازم ڕاستی و کردەوەی جوان بوو
دەستی چەپەڵ بوو منی        شەهید کرد سەر شۆڕو نامەرد ئەوەی ئەمەی کرد
من کە (علی)م ناوبانگم دیارە        ئەویش سەر شۆڕە خیانەت کارە
کە دەستێکی ڕەش خوێنێ دەڕێژێ        دەبێ بۆ لای کێ دادی خۆی بەرێ
کە باوکی ڤیان و ڤینۆس خەڵتانی خوێن بوو
وتمان خەڵکینە زۆر بێ تاوانە... کە هەقیش وەها بێ سەرو شوێن بوو
بۆ کەسی مەزڵووم خودا باوانە.

بابە گیان ئەوا هەموومان هاتین        دڵ پڕ گرین روخسار گرین
لەژوور سەری تۆ وەستاوین حەزین        گەورەو بچووکمان بۆ تۆ دەکات شین
شادی لە ئێمە بەدرێژایی ژین        شەرتە حەرام بێ گەر لەیادت کەین

ژین سەرابەو کاروان سەرای ڕووی لە کۆتایی مەرگە
تەمەن تەم و وەرزی ئێمە هەموو پەژارەو ژەنگە
تۆش کۆچت کرد وەکو گەڵانی هەڵوەریوی دەم خەزان
وەیشۆمەی ڕەش فراندینی        بووی بە فرمێسکی سەیوان

– ئامانج صاحقبران ١٩٥١-١٩٨٢ شەهید کرا

**بزەی سەر لێوت گەشانەوەم... ئێستە تا ساوم**
**زاوای نۆ بووکی ژیانەوەم و... ئامانجە ناوم**
**ڕێگەی چەپەڵ گرتی چەقی ڕێم نەیزانی من کێم**
**وەکو شێت و هار دەستی وەشان لێم ئێرەی کرد جێم**
**ڕۆژی هاتن و کۆچەکەی دواییم... فرمێسك ئەڕێژن**
**یەکیان گرتەوە بۆ ماڵ ئاواییم ئامانج ئەنێژن**
**لەم وڵاتەدا بڵێم بڕوانە... نادرکێنم ڕاز... بایەخی مـرۆڤ لـەجێی نەبووانـە... بـێ نـاز و نیازە.**

– شلێر کمال علی ١٩٥٩- ٢٠٠٤/٧/١

**لەبەر تەمەنی کورتی ڕێبواری          با وێنەکەمت لابێ بەدیاری**
**بەڕووخساردا تێ بگەی من چیم          دیارە خۆراکی خاك زیاتر من هیچ نیم**

– احمد حاجی قادر (١٩٢١) لە شێخ بزێنی لەدایك بووەو لە (٢٠٠١) کۆچی کـرد لـە سلێمانی.

**کەرکووکی بووم بێ چارە بووم          تووشی غەم و پەژارە بووم**
**شەش مانگ ئەنفال بووم لە نوگرە سەلمان          لەوێ نەمردم هاتمەوە سەیوان**

* لێرەشدا نەهامەتیبەکانی گەلی کورد باسکراوە لە ژیانێکی پڕ ناخۆشی و ئاوارەییدا.

– حەمە فەرەج علی شریف ١٩٣٣- ١٩٨٩ بە نەخۆشی کۆچ ئەکا.

**بەدەردی ماڵ وێرانی          بە ئاوات نەژیا شەو تا بەیانی**
**مەرگ مەودای نەدا دوو سێ ڕۆژ ژیان          تا بچێتەوە شارەکەی گۆران.**



– نعیمە حاجی مەلا محمود ١٩٢٥-٢٠٠١

**هەوالحدی خۆش مەڵبەندی نەبوون          هەموو کەس بەتای کراسێ نستون**
**ئەزانی میوە بۆچی شیرینە          شەکەر لێو نوستون لەو ژێر زەمینە.**

– امجد اسماعیل احمد ١٩٢٤-١٩٩٩

**وەکو گوناە نییە هیچ موسیبەتێ          پیرودااماوم، پیر هیمەتێ**
**سەریەك کەوتووە بەدکاریم وەك کۆ          ڕووی هیوام کردە بارەگاکەی تۆ**

– صبیحە عبداللە قادر ١٩٦٠-١٩٩٧

**سەیوان تۆ شوێنی دار ئەرخەوانت          ئەوە صبحی بوو بەمیوانت**
**جەستەی زامدارە ناڵەی بێ هۆشە          لەسەرمای شەوا گەرم داپۆشە**

**سەیوان بەوخاکەت ئەگەر ئەیزانی          چەند خۆشەویست بوو لای ئازیزانی**
**ئامێزت ئەکەی بۆ سابات بۆ جێی          هەموو کات ئەڵێی صبحی بەخێر بێی**

– قاسم کرم بهرام لە ١٩٦٢ لە کەرکووك لەدایك بووە ١٩٨٦ شەهید کرا

**پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین**
**نامرن وا ئەوانە وا لەدڵی میللەتا ئەژین**

– شەهید احمد حاجی صالح١٩٨٠ شەهید کرا (کەم ژیان کەڵ ژیان)

**ژیان خۆشە، بەڵام مردن لە پێناوی سەربەستی خۆشترە.**

**هەر لەبوونم تامردنم هیچ خێرم نەدی لەژیان**
**سوودی چییە پاش مردنم گەر بکەن شیوەن و گریان**

- شەهیدی جوانە مەرگ (شێروان قادر محمد) لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا شەهید کرا

**من ئەزانم شانازییە گیان بێ قوربانەتەوەی کورد چیاکانی کوردستان**
**بەڵام ئێوە ئەی کوردینە زۆرتان نەفامن نرخ و بەرزی خۆ بەکوشتدان هێشتا نازانن**

- منیرە عبدالکریم عارف ١٩٥٨-٢٠٠٥ کۆچی کرد

**ئەی ئازار بۆچی تا دوا ساتی ژینم یەخەت بەرنەدام**
**لە چاوەڕوانی چارەسەرو ئازار شکێندا چاوت پێ لێکنام**

**ئەی خودا چون خۆشیم نەدی لەم دنیا...**
**بێ بەشم مەکە لە شادی ئەو دنیا...**

- ئارامگای خوالێخۆشبوو... تێکۆشەری دێرینی کورد

(عوسمان دانش)ە کە هەتا دوا ساتەکانی ژیانی خۆی لە پێناوی میللەتەکەیدا بەخت کرد لەڕۆژی ١٠/١٠/١٩٧٠ گیانی سپارد.

نەمری بۆ هەموو ئەوانەی لەپێناو خاك و میللەتەکەیاندا گیانی خۆیان بەخت کرد.

**گەلێ ئاوات لەدڵما بوو بەناکامی کەوا مردم**
**مەرگ شالاوی خۆیی هێناو زوو لەناوی بردم**

- (فەرهادی فەرەج) خاڵەیە لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا لە ١٩٨٠ شەهید کرا

**لە گردی سەیوان گۆڕەکەت دیارە    بۆتە هەوارگەی لاوی ئەم شارە**
**گۆڕێك کە پڕبێ لەهیواو ئاوات    هاوسەری دیلی و شۆڕش و خەبات**
**من کە پێشمەرگەم لە ڕێگەی میللەتم    خاکی کوردانە کلی نێو چاوی من**
**پێشکەشی میللەت دەکەم هەست و هەناوو هیممەتم**
**خۆم دەکەم بە قوربانی کوردستانەکەم**
**لەگەڵ ئەو هەموو نەو جەوانانەی خوێنیان ڕژاوە**
**شتڵی گوڵزاری باخی کوردیان ئاو داوە.**



- نظیرة جوهر رەشید لە ٦٣ ساڵیدا بە نەخۆشی کۆچی کرد

**نازانم بۆچی لەدایك بووم    وە ناشزانم بۆچی ژیام**
**بەڵام ئەزانم هەموومان هەر ئەبێ بمرین**

**ئەوەی یەك جار ئازاری دابم لە ژیانما هەزار جار گەردنم ئازاد کردووە**

- (مرواری خضر محمد) ٩/١١/١٩٩٠ لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا گیانی سپارد

**بۆ ئێمە لازمە هەموو ساڵێك هەتا دەژین**
**ئەو ڕۆژی (نۆ)ی (یەك)ە بکەین بەشین**

**یا رسول الله دڵ حەزینم ڕەحمەتی**
**موستەمەندو بێ قەرارو بێ قەرینم رەحمەتێ**
**راحەتی قەلب و جودو عزەتی نەفسم نەما    وەختی مەرگ حافظی ئیمانم و دینم رەحمەتێ**

- ئارامگای جوانە مەرگ (عبدالکریم عارف فەرەج ) ١٩٨٧ لە ١٨ ساڵیدا لە بەصرە شەهید بوو.

**بنووسن لەسەر کێلی ڕەش پۆشم    هەتا مردن خەم بوو ژیان و بەشم**
**یاران یاوەران ڕەشماڵێ هەڵکەن    گلکۆی گۆڕەکەم قەترانی ڕەش کەن**

- عبدالعزیز عبدالله ١٩٣٢-١٩٩٩

**بۆ کۆچت کرد لەناکاو    دڵمان پڕ بوو لە زووخاو**
**ئابەم بەرە جەژنانە    ماڵی گشتمان وێرانە.**

- خوالێخۆشبوو (جمال خفاف) ١٩٢٠-١٩٩٥

**بگرین بڕێژن فرمێسك وەك باران    هەتا ئەم بەنە گردەکەی سەیوان**
**بلێن ئەوا هات بۆ لای شەهیدان    دەمێکە ئاواتە خوازم کە بێمە لاتان**
**ئالای کوردستان کە چوار ڕەنگە    ئاواتی هەمووان ئاواتی هەمووان**
**لەسەر گۆڕەکەم بشەکێتەوە    بژی کورد بژی کوردستان**

– شەهید علا و الدین عبدالکریم محمد ١٩٥٥-١٩٨٠ شەهیدی شاخی شۆڕاوە

**دەستی زۆرداری ئەشکێنم          گەشەو خۆشی بۆ گوڵ دێنم**
**بۆیە بوومە پێشمەرگەی کورد          تۆوی ژینێکی نوێ بێنم**
**کۆچی قوربانی وڵاتم          سوتەمەنی ڕێی خەباتم**
**لەپرسەمدا نەکەن بگرین          ڕزگاری بەریی ئاواتم**

– جوانە مەرگ (ئاراس عزیز سەعید) ١٩٦٣-١٩٩١

**لە تافی گەنجی سەرم نایەوە          شیرینی عومرم زوو پێچرایەوە**
**بەجوانە مەرگی ڕۆیم بەلاوی          تەمەنی کورت و بەرگی خوێناوی**
**لەبیرم مەکەن و وەرنە سەرینم          سەر لە هەوارو لانەی غەمگینم**
**لەناکاوە مەرگی وێڵ هاتوو لەژیان بێ بەشی کردم**
**شەماڵی غەم هەڵی کردو گوڵی خەمی لەدەست بردم**

- ئارامگای خوالێخۆشبوو (فەرج حسین محمود) لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا لە ١٩٨٠ کۆچی کرد.

**هەر چەندە هەمیشە شین و زارمە          هاواری قەبری تەنگ و تارمە**
**بەڵام لە جوابی مەحشەر ناترسم          چونکە پێغەمبەر نگا کارمە**
**ڕاوەستاوم لەبەر دەستی یەزدانا          خوایە بم بەخشیت لەگەڵ چاکانە**
**بۆ ڕزگاربوونم لە دەستی مەحشەر          هیچ کەس شك نابەم غیری پێغەمبەر**

– عائشە شیرین احمد (١٩٣٠-١٩٩١) شەهید کرا.

**نەفام لەجێی خۆی ئەمێنێ نەهۆش          دیمەنێ من دیم بەرد دێنێتە جۆش**
**ئاه: سەیری دیمەنی وەهاکاری گەر          کام ویژدان ناداتە بەر نووکی نەشتەر**

– خ. ل.خ (کافیە حەمە کەریم) ١٩٩٢ بە نەخۆشی کۆچ ئەکا

**خەمێکی بێ کۆتایی جەستەی ماندو ڕاژەنێ**
**ئازارێکە لەناخمدا سات لەدوای سات کۆشکی ئارام دەڕوخێنێ**
**تاسەی دووری حەزی بینین بۆ تۆ دەم گرێنێ**



– کامەران ڕەسول حمە ڕەش (١٩٧٥-١٩٩٦) بەکارەساتی مین شەهید بوو

**لە سلێمانی فرمێسك لەجێی باران باری**
**باری بەسەر چەوساوەکان، گریانی لاوە ژین تاڵەکان**
**ڕەنگێکی کاڵی بوو ژیان... و لاتێك بوو وەك گۆڕستان**
**ناویان لێ نابوو کوردستان**

– فاطمة کەریم سەعید (١٩٤٢-٢٠٠٣)

**خۆزگە جارێکی تر ئەت وت: لای لای کزەی جەرگەکەم**
**لای لایەت بۆ بکەم تاکو خەوبتباتەوە**

– تاڤگە احمد لە تەمەنی ٩ ساڵیدا شەهید کرا

**تاڤگەیەك بووم خونچەی زەردە          خەنەی سەر لێوی خێزان بووم**
**تەلەبە بچکۆڵەکەی قەڵەم لە گیرفان          بووی بە میوانی گردەکەی سەیوان**

– عبدول سعد بەگ پێنجوێنی ١٩٣٥-٢٠٠٢

**ئەی خودایە لێم ببورە لەو گوناهانەی بە نەزانی کردم**
**هەرچی هەم بەندەی خۆتم ئەوا هاتم بەمیوانی**

**چوار دەورەم بگرن هەمیشە بە گوڵ          لە دنیا دەرچووم بەنەخۆشی دڵ**

– حاجی محمد نادر (١٩٨٩) کۆچ دەکات

**مێژوو شاهیدە زۆر هەوڵم داوە بۆ کوردەواری**
**بنو تا شەبەق هەڵدێ بەیەك جاری**
**تەلاری دڵ کە ڕۆشن بوو بەوەی تۆ بووی بەمیوانی**
**هەواری چوڵ و هۆڵ بوو بەگۆڕی گردی سەیوانی**

– ئارامگای جوانە مەرگ (نعیم سابیر سعدون) لە ١٩٨٧ بەکارەسات کۆچ ئەکا

**هەر کەسی لقی گوڵی شکاندم    بێ گوڵی کردم لانەی شێواندم**
**خوایە ئەو کەسە کەڕو لاڵی کەی    بە وێنەی ژاڵە هەردەم تاڵی کەی**

**دەك فەلەك داخت لەجەرگم    لە وەرزی بەهاردا کفنت کرد بە بەرگم**

**وامزانی نەورۆز خەڵاتی پێیە... نەمزانی خەڵات شین و ڕۆ ڕۆیە**

**چەن ڕۆژێك لە نەخۆشخانە بەدەم زارەوە... چاوەڕوانی مەرگم کرد ئەتلامەوە..**
**وەها وەرزی بەهارم خەزان و وەرین بوو    تەمەنی ژینم پڕ ئازارو برین بوو**

– شەوبۆ عزیز عبداللە ١٩٧٤- ١٩٩٧ بە کارەساتی دڵتەزێن

**بەو گۆڕە پاکەت کەبۆتە شوێنم    تاوانم نەبوو ڕژاندیان خوێنم**
**ئەی ئەو کەسانەی نابینن ڕاستی    ئەبینن، بەڵام کوێرن لە ئاستی**

**تاوانم چی بوو دنیام بەجێ هێشت    خۆشیم نەدی بوو فرمێسکم ڕشت**
**مۆمی تەمەنم زوو کوژایەوە    شادی ژیانم زوو بڕایەوە**
**مەرگ بردمی بۆ دنیای ئەو دیوو    ناونیشانمە شەوبۆی خێر نەدیوو**

– بەرهەم فایق بارام ١٩٧٠-١٩٩٦

**کوڕە گەورەکەم جگەر گۆشەکە    مەرهەمی زامی دڵە تەنگەکەم**
**گەنجی خۆم دانا لەپێناوی تۆ    نەمزانی دوا ڕۆژ ئەم کەی ڕەنجەڕۆ**
**لە قاسەی دڵەکەم تۆم ئەشاردەوە    نەمزانی ئەجل ئەتدۆزێتەوە**

**شەوە تاریکە چوار دەورم    خیاڵ ئەکەم بیر ئەکەم وا لەقەبرم**
**ئەبێ چۆن بێ و چی بنووسن لەسەر قەبرم    خۆزگە ئەمدی چوار دەوری خۆم کاتێ مردم**



– ڕێبوار عبدالقادر برزنجی لە تەمەنی ٢٤ساڵیدا شەهید کرا

**گوڵی ئاواتم هیوای ژیانم    لەدەستم دەرچووی ماڵی وێرانم**
**بەبای هەناسەی ساردت ئەسپێرم    ئاگری دڵمت لەدەور ئەگێڕم (دایکت)**

**ناوت ڕێبوار بوو بۆیە زۆر جوان بووی    کاتێك کەتۆم دیت زانیم ڕەنجەدەر بووی**
**ڕێبوار مەزن بووی لەناو خەڵکان    هەر چەندە کات بڕوا ناوت هەر جوانە.**

– شەهید حەمەی وەنەوش لە ١٩٦٣ شەهید کرا

**کە ڕزگاری بوو ئەم کوردستانە    وەرنە سەر گۆڕم بەسەر بەرزانە**
**پێ لەقەی چۆپی بدەن لە قەبرم    بڵێن وەرە دەر جەژنە سەیرانە**

**پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گری**
**نامرن وا ئەوانە لە دڵی میللەتدا دەژین**

– شەونم احمد علی ١٩٧١-١٩٩٥ کۆچ ئەکاو کچێکی خنجیلانە لەپاش خۆی جێ دێڵێ.

**لێم ببوورە کۆرپەی زویرم... تێرم نەکردی لە باوش و شیرم**
**خەتای من نەبوو کە جێم هێشتی... ئەجل ڕایکێشام شیرەکەی ڕشتی**

– چۆمان احمد سعید ١٩٨١-٢٠٠٣ لە ئەڵمانیا بەکارەسات کۆچ ئەکا

**هەی گوڵ فرۆش تاکەی سەودای تۆبم عەتری گوڵم برا من ڕەنجەڕۆم**
**بێنە گوڵی سوورم تا بۆنی ماوە... جەوری زەمانە... جەرگم بڕاوە**

**خۆزگە بیناییم هەردووك کوێر بوایە    تاکوو تەرمی تۆم پێ نەبینایە**
**ئەوە تۆ ڕۆشتی بەخوام سپاردی    بە باوەش گەرمی دایکم سپاردی.**

– ئەهوەن مارف تەوفیق (١٩٨١-١٩٩٧)

**لای هەڵۆی بەرزە فڕی بەرزە مڕی   چۆن ژیان شەرتە نەوەك چەند بژی**

**بۆ پیرۆزی بەهاداری، شەهید ڕۆگەو پەرستگایە**
**ئەڤرست بۆی لە کڕنۆش دایە... شەهید ڕوناکی ژینە...**
**شەهید خۆری کوردستانە**

– لەسەر گۆڕێك کە ناوی مردووەکەی لەسەر نەنووسرابوو:

**ئەگەر ئەپرسن ناونیشانم عەزیزی خاك و نەوەی کوردانم**
**پەنجەی مەرگ لەپڕ دڵی وەستانم... ئێستا وا لەناو گۆڕدا میوانم**

– ئارامگای عبدالقادر توفیق شریف ناسراو بە (مەلا قادر) ١٩٩٥-١٩٩٨ بەکارەساتی دڵ تەزێن لە غەریبایەتی کۆچی کرد.

**دەك یادت بەخێر ئەی مەلا قادر      هەڤاڵی پارتی پێشمەرگەو کادر**
**ئەنجوومەنەکەی ناوچەی شێخ جافر      بۆ دایە ئامەت نایە ناو ئاگر**

– طاهر عبدالغفور مەلا عەلی لەتەمەنی ٢٤ ساڵی دا لە ١٩٧٩ شەهید کرا.

**لە خوێن و خۆڵا گەر بتلێمەوە      ناگریم نا ناڵم ناکروزێمەوە**
**چاوم تاریك بێ گەر لە برسانا      لە هیچ نامەردێك ناپارێمەوە**

**بڕوانە طاهر مات و بێ دەنگە      هەوارگەی چۆڵ و تاریك و تەنگە**
**هەیە ئەپرسێ چی بوو ئاکامی      گوللەی دوژمن بوو لە پڕ پێکامی.**

– حاجی نوری حاجی شێخ غەریب باسك ١٩٢٦-٢٠٠١

**ئەی ڕۆڵەکانم شیوەنم بۆ مەکەن      وەسێتم وایە لە بیرم مەکەن**
**ڕێگای خوا پەرستی و کوردستان بگرن      ڕەوشتی باوکتان هەرگیز ون نەکەن**



– یاسین شێخ علی شێخ غەریب باسك ١٩٦٥-٢٠٠٢

**خۆشیم نەدی بەری نەگرت باخی هیوام.. خۆزگەم زۆر بوو خزانی مەرگ ڕێی پێ نەدام... ئاسوودە و سەر بڵندم کە بۆ چاکە تێ دەکۆشم.... خۆری تەمەنم زوو ئاوابوو... بەڵام بەسەر بەرزانە ژیام.**

– ئارامگای هەڵۆیی شەهید (ئاگر ابراهیم) (١٩٧٢-١٩٩١)

**دایە تۆ منت پەروەردە کرد... بۆ خۆشی خۆت بوو یا نەتەوەی کورد وا من بۆ گەلم خۆم ئەدەم بەکوشت.. خوای ئەکرد دەریای فرمێسکت ئەڕشت**

**هەر کاروانێ بۆ پرشنگی خۆر بڕوانی... کەم بن یان زۆر... لە ئەنجامدا ئەگەن بە خۆر**

– حاجی صالح عبدالرحمن خەیات ١٩٢٣-٢٠٠١

**یا خوا لە ڕەمەزان ژینم کۆتابێ      دووعای خێری خەڵك هەتا هەتابێ**
**خۆزگە بەرعەفوی ڕەمەزان کەوم      بەر ڕەحمی لوتفی خوایی کەوم**
**وەختێ دێن بۆ سەر گۆڕەکەم      یادی خێرم کەن بە (رب ارحم)**
**دوعام بۆ بکەن لای یەزدانی پاك      لەگوناهم خۆش بێ بە لوتفی سەر پاك**

– علی حاجی ابراهیم سەراج ١٩٣٢- ١٩٩٧ لە ٦٥ ساڵیدا بە نەخۆشی کۆچ ئەکا.

**گەر دەتانەوێ بەدڵ یادم کەن      دەستی هەژارێك بگرن شادم کەن**

– ئەمە گۆڕی خوالێخۆشبوو (رقیە) خانی کچی رفعت محمدە لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا لەساڵی ١٩٧٦ کۆچ ئەکا.

**دڵی پاکت وەکو بەفرو هەتاوی بەر بەیان بوو**
**ژنێ بووی دەستی ڕەنگینت وەك گوڵدانی ژیان وا بوو**
**بەجێت هێشتین و ڕووت کردە هەوارە ماتەکەی سەیوان**
**بەبێ تۆ ساردە ئێستا هەموو کۆڕێکی ناو خزمان**

– ئارامگای خوالێخۆشبوو (خونچە عەزیز) ١٩٨٨ بە کارەساتی ئۆتۆمبێل کۆچی کرد.

**خونچە گەیشتوو هەڵوەری خونچەی دڵان لەناو بەرێ**
**هەر خونچەیەك ئەبێ بە گوڵ (خونچەی) من بوو بە گوڵی گڵ**

**من ئەمویست تەنیشت ماڵەکەی خۆم... خانوت بۆ بکەم**
**باشترین تاراو جلی بوکێنی... جوانت بۆ بکەم**
**مناڵەکانت بخەمە سەرچاو... بۆت بەخێو بکەم**
**کۆرپەم نەمویست لەجیاتی خانوو... گۆڕت بۆ هەڵبەستم**
**لەجیاتی تاراو جلی بوکێنی... کفنت ببەستم**
**هەستە خونچە گیان وەرە ماڵمان... دەست بدە دەستم**
**دەست بکە ملی باوکی پشت شکاو... سەرچاوەی هەستم.**

– خوالێخۆشبوو (صبیحە محمد سەکینە) لە تەمەنی ٢٠ ساڵی لە ١٩٦٥ کۆچی کرد.

**وەسێت بێ یاران کاتێ کە نەمام... لە خاکی گۆڕا کرام بە نەمام**
**لە دۆست و هاودەم هەچی هاتووە لام... بڵێ لەدوایی فاتحەوە سەلام**
**گیانت بەرەحمەت خواوەن شادبێ... سەبەب کارەکەت کوێرو بەر پابێ**
**لەبەری دنیا قەت خێر نەبینێ ... لەدیوانی خۆش کزکز دامێنێ.**

– ناجیە شێخ جلال لە ١٩٨٩ لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا کۆچی کرد

**ئەمساڵ نەو بەهار لێم بوو بەخەزان... گەڵای گوڵ خونچەی بردم بۆ هەردان**
**ئەشێ بەختی من ڕەشی بنوێنێ (کێ، کەی، دی، کێ دیویە) بەهار گوڵ هەڵوەرێنێ**

| | |
|---|---|
| **لەگەڵ مەرگی تۆ هێن خەم پەیدا بوو** | **خەرمانی زانست تەفرو تونا بوو** |
| **دیدەو دەماغ گوێ و گەردن هەر چوار** | **نازانم کامیان زۆرتر بوون زامار** |



– (عثمان حاجی عارف) لە ڕێکەوتی ١٩٨٥/١١/٩ لەتەمەنی ٥٠ ساڵیدا بە کارەساتی سەیارە لە بەغدا کۆچی دوایی کرد.

**جادەکانی بەغداد من ئاوەدانم کرد      بە خوێنی مێشکم من ڕەنگینم کرد**
**منداڵەکانم هەر چاوەڕێ بوون تا ئێوارە**
**بەڵام من بە ماتۆڕی ئەجەل لەت لەت کرابووم لەمەیت خانە**

– سعاد محمد صالح لە ١٩٧٤ لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا کۆچ دەکات

**لە پاکیدا، لەجوانیدا، کچێکی بەرزو ناسك بووم**
**تریفەی مانگی بێ گەردی جیهانی دایك و باوك بووم**
**کەچی ئاگر یەخەی گرتم ژیانی هەڵپڕوکانم**
**نەهاتوو چۆی قوتابخانە نە ناوم ما نەنیشانم**

– شەهید دلێر کەمال حامد ناسراو بە (زەردەشت) لە ١٩٦٠ لە سلێمانی لە دایك بووە لە ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ١٩٨٠ شەهید کرا.

**لەبیرم دێ شەپۆڵەکان یەکە یەکە خۆیان ئەدا بە کەناری دەریاکەدا...**
**ئێستاش هەر ئەو شەپۆڵانەن کە نهێنی دڵی دەریا بەدوا دورگەی بێ ناوەکان ئەگەڕێنێ.**

– شادان نەجم الدین حسن ١٩٧٣-١٩٩٣

| | |
|---|---|
| **لە نەینەواوە کۆچ بەرەو باوان** | **ئەوە هاتەوە تەرمی شادەخان** |
| **کۆرپەی نازداری بێ ناز مایەوە** | **دایکی لەکوێیە بێ بەلایەوە** |
| **شای بووکێنی لێ کرا بەشین** | **هاتەوە سەیوان بۆ لای نەجم الدیم** |

– عومەر میراو لە ١٩٩٠ لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی کرد

**بەلای گڵکۆم کەرا دەبرن ئێوەی شوهناسی ڕەهەنگ و زەر**
**مەنۆڕن گۆڕێکی تازەو باری گڵم کەوتۆتە سەر**
**چ ڕۆژێ دیتان ئازادی نەمازیللەت و دەردی سەر**
**وەکو چرۆی تاڵی نێرگز لە خاکا سەر دێنمەوە دەر**

ئەوەندەم بینی ڕۆژی ڕەش سپیای لە دڵما نەما
پشتم وەکو کەمەی گۆچان لەژێر باری خەما چەما
خەم و پەژارەی گەڵەکەم ماوەتەوە لە سینەما
چ ڕۆژێکە کۆیلەتی ماوە لە چەرخی ستەما.

– ڕووناك علی امین ١٩٤٨- ٢٠٠٣

تەمەنت مۆمێکی کز بوو... هەمیشە هاوڕێی ئازار بووی...
کەچی روحت کانیاوێ بوو... خۆشت نێرگزی بەهار بووی

دڵێکت هەبوو وەك شەونم... خۆری مەینەتی سووتاندی
سلاوت لێ بێ میوانی سەیوانەکەی سلێمانی

چەند بێ شەرمە ئەم مردنە... بەبێ هیچ وا دەو بەڵێنێ
لە هەموو دەرگایەك ئەدا... شووشەی گشت دڵێك ئەشکێنێ

– شەهید ازاد عبداللە ١٩٧٤-١٩٩٥ بە ڕووداوی خنکاندن لە ئاو کۆچی کرد.

بۆ ئیسلام ژیام بە ئیمان مردم     بە بەهەشتی خۆت بە تەمات کردم
سوپاس بۆ خوا کە موسڵمان بووم     هەڵگری بانگی قورئان بووم

– محمد حسن احمد ١٩٥٦-٢٠٠٤

شاهی ڕۆم و خاکی عەجەم     موڵکی تۆ بێ بەیەك عانە
عومری نوح و هێزی نەمرود     زێری تۆ بێ ئەم شاخانە
جەماڵی یوسفت هەبێ     دانایی لقومانی حەکیم
شەرابی مەرگ هەر ئەنۆشی خانەو لانت گۆڕستانە.

* ئەم دێرە شیعرانە چەند جارێك لەسەر گۆڕەکان دووبارە بۆتەوە.



– عبدالکریم صالح ١٩٥٥ لە ٢٦ ساڵیدا بەکارەساتی ئۆتۆمبێل کۆچی کرد

نەسرەوی نەمری شەماڵی شادی     نە سۆزی گەرمی بانای ئازادی
لەسەر گۆڕەکەم هاوڕێم بنووسن     ئاخ بەداخەوە سەری نایەوە

– (بکر محمد صالح خاشچی) لە ١٩٨٨/٦/٧ بە نەخۆشی شێر پەنجە گیانی پاکی سپارد.

پێکم نەنابوو خێزانێك تا ناوم بێ لە ناخی دڵ
دەنگ و ڕەنگ و عومری لاویم بە نەخۆشی چووە ژێر گڵ.

– محمد نوری محمد امین (نوری شکۆف) ١٩٤١-٢٠٠٥

کەی دنیای دەنی جێگای بەقایە     لەگەڵ کام کەسدا ساحێب وەفایە
سەهوە بۆ ئینسان دڵ بەدنیا دان     چوون سەرفی نەزەر ناکا لە ئینسان

– کەژان غفور صۆفی صالح ١٩٨٦-١٩٩٨ بە نەخۆشییەکی بێ ڕەحم کۆچی کرد. ئەندامی تیپی هونەری منالان بوو.

تۆ هەمیشە گوڵێکی لە باخی تیپی منالان... ئێستاش پەپوولەیەکی لە پەپوولەکانی بەهەشت.

ئەمە هەواری پاکی روحێکە... کەبیری لەلای کۆچ کردن نەبوو
هێلانەی جوانی چۆلەگەیەکە... بە تەمای مەرگی لەناکاو نەبوو

پەپوولەی روحت بنێرە بە باڵ... سەر بدا لە تیپ سەر بدا لە ماڵ
تۆ ئەم هەوارەت بۆ چۆڵ کرد لێمان... ئاگرت خستە دڵی هەموومان

– خیریە علی احمد ١٩٤٠-٢٠٠٥

کەی من مردم گریانت بەمن چی... سەر بەکێل دادانی سەر قەبرانت بەمن چی
کە تۆ نەتهێشت تاوێ لەژیانا ئاسوودە بم...ئیتر ڕنینی روومەتی جوانت بەمن چی

– حەمە سەلیم حەمە رەمەزان لە ١٩٨٦ لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا ماڵ ئاوایی کرد

وەرە ئەو سەعاتە ڕاکشێم بێ خەم   دوورېم لەدەردو ئازار و ستەم
رووکە مەیدان پەنا هەر خوایە   چاوت ئەچێتە خەو هەتا هەتایە
جەرگم پڕ لە خوێن پڕ دەردە دەروون   هەر چەند سەیر ئەکەم ڕفتاری گەردوون
هیچ شادی نیە لەم دونیای فانی   پڕ مەینەت و غەم ژانە ژیانی.

– مامۆستا جوهەر علی قادر ١٩٧٥-٢٠٠٢

ژیان لای من خەوێك بوو... بۆ چرکە ساتێك بوو بەمیوانم
نە چێژم لێی بەدی کردو... نە کۆرپەی سۆزی لاوانم
نە مانای پەیڕەوێك فێر بووم... بڕەنجێنێ لەمن... پەییت..؟!
نە چاوانم لەدوو چاوی... حەمە تاقانەکەم ئاڵان...!!
بەدەست و دەم نەبوو ئازار بدەم هیچ گیان لەبەر تابووم
لە تۆغیانی تەمەن خونچە... نە پشکوت وا زوو ئاوا بووم.

– گۆران صالح محمد ١٩٨٠-٢٠٠٢

ئەگەر فرمێسك بەپارە بوایە   ئێستا من ملیۆنەر ئەبووم
ئەگەر خەم بفرۆشرایە   ئێستا من سەرۆکی ئەبووم

– زینب قادر عبداللە ١٩٥٤- ١٩٩٧

خوایە بۆ خاتر ناوی پیرۆزت   هەروەها لەگەڵ بەزەیی و سۆزت
بەلێ بوردەیی تۆ ببورە لێمان   بەهەشتی فردۆس پێشکەش کە پێمان

– رابعە فتاح ابراهیم ١٩٢٠-٢٠٠١ بە نەخۆشی کۆچ ئەکا

بە خۆشی خۆشی هاتمە قەلاّوە... بەدڵ شکستی گەڕامە دواوە

– بەختیار حمە رشید احمد١٩٦٨- ١٩٩١ شەهید کرا

کاکە ڕۆڵە ڕۆ کەسم ڕۆڵە ڕۆ... هونەر پەروەری... هونەر دۆستم ڕۆ
بەختیار تیپی پیرەمێردم ڕۆ... کەمانجەی بێ ناز هەڵگیراوم ڕۆ



– عبداللە توفیق لە تەمەنی ٢٣ ساڵی دا لە ١٩٥٩/٢/٢٢ شەهید کرا

وەك بولبول بۆ گوڵ پێت نایە ناو باخی لاوی... بەڵام گوڵاڵەی گەشی گیان وەری پەنجەی خوێناوی.

لە بەرگی سووری خوێناوی ئاڵای ئاواتی خنکانم
لە تافی نەوجەوانیما بە ناکامانە کوژراوم

– مامۆستا مهدی ملا فلاح ١٩٣٨-٢٠٠٤

مامۆستای بەڕێز فێرکەری وانەی کوردی
پەیکەرێکی خامە ڕێژی هەناسەکانم بۆ نەکردی
ئەی لە ئامانجا لەسەر دەستی منا بۆ ڕانەبوردی
تا بڵێم ئۆخەی ئەشێلێ پەنجەکانم وا بەوردی

دڵ کە چەند ساڵێ لەمەوبەر ناڵە ناڵی لێوە هەستا
چاوەکانی ئێوە پێدا دوکەڵی ئاهی لە هەستا
عالەمێکی تێ گەیان و دەر کەناری هەل لەدەستا
ڕابەرێ بوو بۆ ئەو وشانەی خەم لەناویدا نەوەستا

– کامەران اکرم گۆران ١٩٦٤-١٩٨٢ شەهید کرا

خەبات لە پێناو ئەم گەل و خاکە   هەڕەشەی دوژمن کاری لێ ناکا
گەر دوژمنان پۆڵاو گڕیش بن   کار لە شۆڕش و چەوساوە ناکا

– تابان مەهدی مەلا فەرەج ١٩٧١-١٩٩٥

تابان کاتێ تۆ بەجێت هێشتین   سزاو ناسۆرت گەلێ پێ چەشتین
روخسارو شێوەو ڕووی شیرینی تۆ   وتەی جوان و پێکەنینی تۆ
لەیادا شنەی شەوبۆی شادانە   لەدڵا ئاخ و فرمێسك ڕژانە.

– حاجی ڕەشیدی حاجی ئەحمەدی کۆڵەکە ١٩٦٢/٢/١١ لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدا ماڵ ئاوایی کرد.

**پڕ جخار دەرچووە، و چوە ژێر سێبەری میهربانی خوای گەورە**

**سەوزە گیای بەهار خۆش بوو بۆ دڵم    کەچی وا سەوزە ڕواوە لەسەر گڵم**
**چەند خۆش بولبول ئەی خۆند لەسەر چڵ    ئێستا وا مردن خزانیە ناو گڵ**

– ابراهیم مجید سلێمان ١٩٦١-١٩٩٢ شەهید کرا بەدەستی چەند تاوانبارێك

**بێ هیچ تاوانێك زوودرام سزا    دەستم بە پشکۆی ئاگردا چزا**
**کوژراوی دەستی هەندێك بەدخووم    زەلیل لەبەردەستی چاو برسی و دزا**
**وەك خێر نەدیوان لە دنیای ڕۆشن    دەرچووم لەو ژینەی بۆی بە پەرۆشن**
**ئەو دڕندانەی خوێنی خەڵك ئەمژن    ژەهری ماریش بێ وەك ئاو ئەینۆشن**

– (مامۆستا امین بەنا ) بە تەمەنی ٤٥ ساڵی لە ١٩٧٧ لە بەغدا کۆچی کرد

**گڕەی هاوین بوو خونچەی ژیانی کە هەڵوەرانم**
**دەردی گورچیلە پێمەوە نوسا دڵی وەستانم**
**هیچ دەرمان نەبوو بۆ ئەو دەردەی من چونکە گران بوو**
**هەر دیار بوو ژینم پێشەنگی قافڵەی گردی سەیوان بوو**

**بە ئاواتەوە هاتمەوە وڵات بۆ ناو کەس و کار بەدڵێکی شاد**
**بەڵام لەناکاو دەردێکی گران    هێنامیە بەر دوو گردەکەی سەیوان**

– حەمەی پورە ناجی (محمد ظاهر احمد) لە ١٩٩٠/٤/١٥ بە خنکان کۆچی کرد

**تۆو هاوڕێیان وەرنە لام دەمێ    لەسەر گۆڕەکەم ڕاوەستن کەمێ**
**بڵێن حەمە گیان تۆ کەی مردووی    ئەجەل ڕاپێچی عەقرەی کردووی**
**ئەوەندە نەژیام پێی بڵێن ژیان    تێر بڵێم ئۆخەی توخوا دایەگیان**
**بەتەمەن کورتی بۆ ناو گۆڕی    تار بووم بە نێرگزی وەرزەکەی بەهار**



– ناسك عبدول ئاغل ١٩٥٠-٢٠٠٥ لە لندن بەنەخۆشی کوشندە کۆچ ئەکا

**بە ئازاری جەستە قەستەم، ئازار ئەکێشم**
**ئازاری دووری تۆیە هەمیشە من ئەینۆشم**
**سەرێ هەڵبڕەو ببینە فرمێسکی گەرمی خۆشەویستەکەت**
**چۆن بوو بە چەترو پەرژینی سەر تەرمەکەت**

**زوو بەجێت هێشتین کاتی سەفەر نەبوو    تەمەن کورت بوو زووهات و زوو چوو**
**ناسك گوڵی هەڵوەریوی نێو باخچەی ژیانم    تۆ یادگاری یادگاری دڵەی پڕ لە خوێناوم**

– شەهیدی تێکۆشەر (احمد امین مەلا فەلاح) ناسراو بە رئیس حمە امین لە (١٩٩٢) کۆچی کرد.

**لەسەر گۆڕەکەم بە بۆیەی سوور بنووسن خۆشەویستانم**
**لەناو گۆڕدا لەژێر خاك لەڕیزی دەست لە دەستانم**

– کاتژمێر ٦ ی بەیانی ڕێکەوتی ١٩٩١/١١/٢٣ لە تەمەنی ٤٦ ساڵی دڵە گەورەکەی (پەروین نەجمەدین) لە مدینە طب لە بەغدا دڵی لە لیدان کەوت.

**ئەی هاوڕێی حەسرەت لە دڵم    نازانم چۆن ناوت بەرم**

**گەر سامان و گەنجینەی دنیا گشتی بدەن پێم**
**گەر تەمەنی نوح (تەختی شاهان) بدەن پێم**
**هەر هەمووی ئەکەم بە قوربانی تۆ بەمەرجێ**
**کۆچەکەت دواخرێ و بەم پەلەیە جیا مەبەوە لێم**

* ئەگەر مردن بێتە میدان ماڵ و سامانی دنیا ناتوانێ هیچ بکا بەرامبەری جا لەبەر ئەوە زۆرجار لە ناوەڕۆکی شیعرەکاندا باسی ئەو مەسەلەیە زۆر کراوە.

– عبدالله رشید لە ١٩٦١/٦/٢٧ لەدایك بووەو لە ٣١ ساڵیدا کۆچی کردووە

ئەم فەردە بڵێ بەڕاستی وایە شەهیدەو شەهید میوانی خوایە
مێژووی کۆچی ئەو بێ زیادو بێ کەم بڵێ و الله عەبدی خۆی بانگ کرد بۆ ئێرەم

داخی گرانم بۆ لاوی شەهید ڕۆڵەی جوانە مەرگ عبدالله رشید
ساڵی هەزارو سێ سەدو هەشتا لە ئەحمەد ئاوا کوژرا ڕۆژی عید

– محمود حمه رضا عبدالرحمن ١٩٢٢/٧/١١- ٢٠٠٤/٦/٨

کە پاشا و سوڵتان سەرنجام دەمرن
کوا بەرگەی پیری و نەخۆشی دەگرن
حەیفە بۆ کەسێ ئەمە بزانێ
ئەو ڕۆژەی بیرچێ بۆ گۆڕ دایدەگرن

لە ژیاندا گەرچی وەك وەڕەس وا بووم
دوا قافڵەی تەمەن لەرێی ئازار بووم
مردن لای مرۆڤ با نامۆ نەبێ نرخی گشت کەست لەلا بڵند بێ
بەڵام هەر دەبێ بە خاك دابچێ کە دنیات خۆش دیت لە دین دەردەچی

– مەلا عبدالله حمه رضای (حافظ) ١٩١٤- ١٩٩٦

عەزیزان من ئەوا ڕۆییم لەلاتان، لە مەزلۆمان بەڵا چۆڵ بێ وڵاتان
مەڵێن کەڵکی نەبوو ڕۆیی جەهەنەم، سەرم قەڵغانە بۆ تێری قەواتان
سەفەرمان چونکە ڕێی هات و نەهاتە، دوعامان بۆ بکەن ئێوەو خوداتان

– حاجی بەهی خان عەباس ئەفەندی ئەورەحمان ئاغا لە ١٩٨٤ لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا کۆچی کرد

ڕاستەو بەجێ فەرموودەی خوایە... هەر کەسێ بژی ئالەم دنیایە
شەربەتی مردن ئەبێ بچێژێ... ئەگەر پاشایە ئەگەر گەدایە.



– لاوین جمال جەلال ١٩٧٥-١٩٨٨ بە ژانەسەرێکی کوشندە گیانی لەدەستدا

تەلێ ناز ناز بووم لە باخچە مانا ئەگەشامەوە... بە سروەی فێنك شنە شن بۆ خۆم ئەشنامەوە
کەچی ڕەشەبای دەردی کوشندە هەڵی دڕانم... هەوارگەم بردە سەیوان و نە گەڕامەوە
من خۆم لاوینم نەکەن بە گریان بم لاوێنەوە... گیانی پەریانەم هەر بەسەبووری ئەحەوێنەوە

– بکر علي محمد ١٩٦٨-١٩٩٤

ئەگەر پێتان وایە بە کوشتنی من... لافاوی رقی پیرۆزی هەژاران دەوەستێت
بە هەڵەدا چوون... لافاوێکە بەهیچ بەربەستێك ڕاناگیرێ تاوەکو ئەم دنیایە پڕ لە برسێتی و هەژاری و بێ لانەییە ڕانامالێت. سەرکەوتنیش ئەمڕۆ یان سبەیە.

– شەهید ابراهیم فتاح رەسول ١٩٥٤-١٩٧٨ لە موسڵ لە سێدارە درا

سوێند بێ بەوچەکەی ناتە ناومشتت...بەو خوێنە پاکەی کە لە موسڵ ڕشتت
بەو هەستە پاکەی بەهۆنینەوە... کردت بە پەتاو لەملا ڕشتت.

– حەزرەتی شێخ بابا عەلی بەناوبانگ لە ١٩٤٠ وەفاتی کرد

چ شێخی حەزرەتی بابا عەلی عەللامەیی دەوران
کە نەقصە گەر بڵێم عیلمی وەکو دەریایی عومانە (شێخ عبدالکریم احمد بڕنە)

– حەزرەتی شێخ بابە نوری بابە عەلی ١٩٥٦ وەفاتی کرد

نورەکەی ڕێگەی عەدالەت هەڵگری هەگبەی سەفەر
هەر لەگەڵ توێشووی قیامەت تۆ ژیانت بردە سەر

* ئەو شیعرانەی کە لەسەر گۆڕی شێخ و مەلاکان نووسراون یاخود ئەو شیعرانەی مێژوویەکی کۆنی هەیە، زیاتر ئەو شیعرانەیە کە باسی خواو قیامەت و حیساب و گوناهەو... هتد. دەکات، هەروەها لەشێوازی نووسینیشدا تۆزێك جیاوازە چونکە وشەی عەرەبی و وشەی بێگانەی زۆر تیا بەکارهاتووە.

– شەهید یاسین عمر قادر ١٩٥٩-١٩٧٩ شەهید کرا

**بەرەو یەکگرتووی گەلانین... یەك هیوایەك ئامانجین... دژی قەڵای سەرمایەدارین**
**چەکمان هێزو توانای پرو لیتارە... باوەڕمان باوەڕی سوری هەژارە**
**جەنگی گەل ڕێمانە تاکو سەر... وتیان گەر بێت و ئەم ڕێیە بگریَ...**
**مانای وایە بەلاوی ئەمری... وتم گەر بێت و ئەم ڕێیە نەگرم**
**بە کلۆڵی و سەر شۆڕی ئەمرم.**

– حاجی مەحموود دەروێش لە ٢٠٠٠دا لە دوایی گەڕانەوەی لە حەج کۆچ ئەکا

**بە جەستەی خەستەوە ڕووم کردە حەج ئەمرم بەجیَ هێنا**
**تۆبەی یەکجارەکیم کردو پەنام بۆ ماڵەکەت هێنا**
**پشت ئەستوورم بە بەڵێنت کەخۆش ئەبی لەتاوانم**
**قەڵەمی عەفوو ئەهێنی بەسەر هەموو گوناهەکانم**

– محمد علی قوربانی ١٩٣٨ لە کەرکووك لەدایك بووە لە ٢٠٠٠ لە سلیَمانی کۆچی کرد

**ڕەفیقانم دوعای خێرکەن لەم دەردە چاك ببمەوە**
**بۆ ئەو شارە بیَ نازەکەم جارێکی تر بڕۆمەوە**
**هەوارو شوێنی یادگاریم بۆ ساتیَ بەدیکەمەوە**
**چی زووخاوێکی غەریبیم چێشتبیَ لەبەر دەمیا هەڵڕێژمەوە**

**سڵاو لەتۆ لە گۆڕەکەت کزەی گەرمیان**
**ئەی ڕۆڵەکەی بۆ کوردستان بویتە قوربان**
**خەم بە بارو ئاوارەکەی کەرکووکی کورد**
**ئەشکەنجەو ئازارو زیندان تۆی نەبەزان**

– ئارامگای هونەر کەمال محموود مەرگەیی لە ١٩٩٤ بە کارەساتی تەقینەوەی TNT لەکاتی هەوڵدان بۆ پوچەڵ کردنەوە

**لە کوردستانم پرسی تۆ چیت ئەویَ... وتی خوێناو**
**لە خوێنم پرسی تۆچیت ئەویَ... وتی هەتاو**
**لە کەژاوەی شەهیدانم پرسی چیتان ئەویَ... هەموو تێکڕا وتیان کوردستان گلێنەی چاو.**



– مەلا ابراهیم احمد حداد ناسراو بە مەلا ابراهیمی حافظ

**وەسێت بیَ مردم قەبرەکەم قوڵ بیَ        عەفوم طلب کەن بەڵکی قەبوڵ بیَ**
**قەبرم لای قەبری استاذمەوە بیَ        نزیك بە گۆڕەکەی ڕەنج بە بادمەوە بیَ**
**هەر کەسی سەرمدا دوعای بۆ دەکەم        خودا پێداو بم ڕەجای بۆ ئەکەم**

– ئامیە حاجی صابر لە ١٩٦٨ کۆچی کردووە.

**هام سەران لوان بەزامی تۆوە * سەرنان بە سنگی ئاستانەی تۆوە**
**یا کەریم ئامان کیَ عادەت کەردەن * تێشوو بە دەرگای کەریمان بەردەن**

– شێخ عبدول محمد ١٩٣٥-١٩٩٠

(وەسێت) لەسەر کێلەکە نووسراوە

**هەر کە مردم بمبەن بۆ سەیوان        شڕە گۆڕەکەم بە شیعری کوردی بڕازێنەوە**

– ئامینە سیف اللّٰە قادر ١٩٢٩- ٢٠٠٠

**لە ناکەس کاریا خاکم بەسەر ڕۆیی بە باعومرم**
**خودا تۆ هێندە بمژێنە تا لەبەر قاپی کەسیَ دەمرم**
**ئەجەل دەورم دەدا حافز بە وادەی دەورو تەسلیم**
**منی غەفڵەت  زەدە هێشتا خەریکی مەسئلەی دەورم**

– مامۆستا مەلا احمد حسێن ١٩٢٦-٢٠٠٤

**کورسیەکەی جیهان فڕەی هاتە سەر        چین چین دێنە خوار چین چین دێنە سەر**
**نەما بۆ پێش تۆ بۆ تۆش نامێنیَ        جوابی تۆش دەکا یەکی تر دێنیَ**
**ئەو هەر وەك خویە ئەباو ئەهێنیَ        مەگەر نەفخی سوور کۆتایی پیَ بێنیَ**

**یاران کۆچیان کرد من غەریب ماوم        سرەی ئەوان هات منیش و وەستاوم**
**لەم جیهانەدا عالەم میوانە        من و تۆش میوان ئەمڕۆ و سبەیمانە**
**نەمان بۆ ئێمە مان بۆ خوایە        هەر چەندێك بژی چونی لە دوایە.**

– بەهییە محمد قادر بابان لە ٢٠٠١ کۆچی کردووە

**شۆڕە ژنێك لەم جێیەدا ڕاکشاوە تا هەتایە... کاروانی ڕوو لە هەورازە گەرووی پڕ لە هەڵبەستە... دەروونی پڕ لە قورئان و ئاوێستایە... باڵای چەشنی ئاڵایە کە بۆ ڕەوەندەکان زاناکان سبەی ڕۆژێ لەو هەوارە بەیەك دەگەن... گۆڤەندیانەو دەستیان لە ملی ئەو دایە... ئەویش بەه.. بەه.. لەم بەهایە...**

**بەهی ژیان ژنێکی زۆر بە بەهایە... بەها ڕەنگ و لە ڕووخساری**
**بەها زاری شەکر باری**
**بۆیە هەر دەمێنێ وا لەدڵی ئەحمەد دایە بەهات**

– ئارامگای خوالێخۆشبوو (محمد فریا بگ احمد ) (١٩٥٦- ١٩٩٣)

**خۆزگە فریام بۆ حاڵی ئەبوو... یا ئاگایەکەم لەدڵی ئەبوو...**
**بم پرسیایە دەروون و دڵی... خۆزگە ئەمتوانی شادم کردایە...**
**ئەم ئەحواڵە نەم بۆ ببردایە... بەڵام داخەکەم بۆ ژیانی تۆ... هەزار**
**ئاخ ئەکەم بۆنەمانی تۆ... فریادە هەڵسە گۆڕ هەڵتەکێنە**
**زووخاوی دڵم تۆ دایچۆڕێنە... عومری بێگەردت چرۆ بوو**
**پاییز هەڵیوەراندی... ڕەشەبای مەرگ دوور لە سۆز هەڵیفڕاندنی**
**... ژیان وا بوویێ لای لایە... کۆرپە گۆڕی خەواندی...**
**ژان و ئەشك ئەم شیعرەی بۆ دڵی من پێ گەیاندنی (هاوسەری خۆت)**



بەم شێوەیە کۆمەڵێك نووسین کراوە لەسەر گۆڕستانەکان و بێگومان ئەگەر گۆڕستانەکانی تریش وەربگرین نموونەی ترمان دەست دەکەوێ، ئەوەی باسیش کرا کۆمەڵێك نموونە بوو لەو نووسینانەی کە لەسەر گۆڕەکان تۆمار کرابوو، ئەو نووسینانەی کەزادەی حاڵەتێکی سۆزاوین مرۆڤ لە ساتێکدا پێی تێپەڕ دەبێ، جا ئەگەر ئەو شیعر و نووسینانە یەك یەك وەربگرین دەتوانین لە ڕێیانەوە شیکاریەکی تەواو بکەین بۆ هزری مرۆڤ و ئەو بارە دەروونیەی کە تیایدا دەژێت لە چرکە یەك لە چرکەکانی ژیانی. هەروەها لەڕێگای ئەو نووسینانەوە دەتوانین لەو نەهامەتیانە بگەین کەبەسەر مرۆڤەکاندا دا دێت و لە شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ بگەین لەمەڕ دیاردەی مردن و دابڕان و فەلسەفەی ژیان. لەلایەکی ترەوە دەکرێ ئەو شیعرانە پولێن بکرێت و جیا بکرێتەوە بەپێی ئەو بۆنەیەی کە تیادا شیعرەکەیان نووسینەکە کراوە یاخود بەپێی جۆری مردنەکە، چونکە کۆمەڵێك شیعرمان هەیە کە تایبەتە بە گۆڕی شەهیدەکانی شەڕی ئێران و عێراق و کۆمەڵێك نووسراوی تایبەتی تر هەیە کە لەسەر گۆڕی پێشمەرگەو شەهیدەکانی تر تۆمارکراوە جگە لە شەهیدەکانی ١٩٩١و شەڕی ناوخۆ... هتد. سەرەڕای ئەوانەش شیعر هەیە تایبەتە بەو مردووانەی بە نەخۆشی مردوون یان بەکارەساتی دڵتەزێن... جا ئێمە دەکرێ ئەو نووسینانە هەموو لێك جیابکەینەوە بەپێی ئەو بابەتەی کە نووسینەکە لەبارەیەوە دەدوێ.

سەرجەم ئەو نووسین و شیعرانە دەکرێ شوێنی خۆی هەبێت لەناو مێژووی ئەدەبیاتی هەر میللەتێکدا چونکە کۆمەڵە نووسینێکە تەعبیر لەناخی مرۆڤ دەکات و بەگشتیش نووسینەکانیان بە شێوەیەکی ڕۆمانتیکیانە یان بە واقیعانە باسی دیاردەکەیان کردووەو زۆرجاریش ئەو نووسینانە تێکەڵیە کە لەفەلسەفە... سۆز... خەیاڵ... بیهودەیی.. هتد. دیارە ئەوەش هەمووی بەهۆی سروشتی دیاردەی مردن و هەموو ئەو پرسیارانەیە کە لەگەڵ خۆییدا دەیهێنێت و ئەو بارەیە کە مردن دروستی دەکات لای مرۆڤ، بەهەر حاڵ ماوەتەوە بڵێین ئەدەبی سەر گۆڕەکان بوارێکی فراوانی لێ دەکەوێتەوە ئەگەر بێت و بایەخی پێ بدرێت وەکو پێویست و بە ژانەرێك یان ڕەوتێکی سەربەخۆ دابنرێت لەناو ئەدەبدا چونکە ئەو نووسینانە بەرهەمی مرۆڤەو مێژوویەکی دێرینی هەیە و لەداهاتووشدا دەبێتە پانتاییەك لەناو کەلتووری میللی نەتەوەیی کە ناکرێ پشتگوێ بخرێت نە ئێستاو نە لەداهاتوودا.

## مردن و داب و نەریتەکانی
## لە بارەی ئەو داب و نەریتانەی کە بەمردنەوە لکاوە

مردن ئەو چەمکەیە کە چەندین لێکدانەوەو تێگەیشتنی لە بارەوە کراوە، ئەو چارەنووسەیە کە هەموو تاکێکی زیندوویی ئەم گەردوونە دەگەرێتەوە، جا هەر کۆمەڵێك بەپێی تێگەیشتن و باوەڕ و ئایین و لێکدانەوەی تایبەتی خۆیان هەڵسوکەوتێکی جیایان لەگەڵ دیاردەی مردندا کردووە هەر لەسەرە مەرگەوە تا شوشتن و کفنکردن و ناشتن (ئەگەر مردووەکەی بنێژن) تا دەگاتە شین و شەپۆری تازیە باری... هتد. زنجیرەی ئەم کردەوانە بەپێی ڕێورەسمێکی تایبەتی لەلای هەر کۆمەڵێك بەڕێوە دەچێ، ئەو داب و نەریتانەش کە لکاون بە دیاردەی مردنەوە. دیارە گۆڕانی بەسەردا هاتووە لەڕابردووەوە تاکو ئێستا ئەوەش بەپێ ڕادەی ڕۆشنبیری و گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوەی کەسەکانە.

هەر لە کۆنەوە شین و شەپۆر بۆ مردوو ئەنجام دراوە، جا زۆر لە ئەفسانەکان بە سەرچاوەیەکی بەپیت دادەنرێ بۆ جۆری ئەم هەڵسوکەوتانەو شێوازی ئەنجامدانی بۆ نموونە: لەسەرە مەرگی ئەنکیدۆدا گلگامش خۆزگەی ئەوە دەخوازێ شین و گریان لەسەر ئەنکیدۆ بەردەوام بێ و لەمناڵ و پیر و ئاسمان و عەردو ڕووبار و شێر و پڵنگ... هتد. داو دەکات بگرێن پاشان خۆیی دەست بەگریان و شین دەکات:

(ژ بۆ (ئەنکیدۆ) یارو هەڤالێ من ئەز دگریم)
ئەز دل سوتی هاواردکم
ئەو بڤرێ ب تەنشتا منڤەیەو هێزا زەندێ منە
خەنجرا بەر شوتکا منەو... هتد.
و پاش مردنی ئەنکیدۆ گلگامش لەخۆیی دەدا بۆ برادەرەکەی:
(دەستپێ کر وەکو شێری ل دورا وی نرە نڕ کر
هەر هات و چول بەر جهی دنێڕی وی



پرچا خۆ دەهەلکیشاو دهاڤێتە سەر ئەردێ... هتد)[٨٤].

شایەنی باسە مردوو تەنها بەشین و شەپۆر بەڕێ ناکرێت بەڵکو شێوازی تر هەیە بۆ مردوو بەڕێکردن بۆ نموونە:

(ڕێو ڕەسمی (Yacca)ییەکان بۆ خەڵکی (Uitito) بەمانای جەژنی مردووانە. ئەو جەژنە لەکن هۆزی (Shipaya) بە سەماو هەڵپەڕکێ و خۆشی بۆ مردووان بەڕێوە دەچێ، جەژن شەوانە هەفتەیەك بەردەوام دەبێ بە ئاوازو ساز گیانی مردووەکان لە شێوەی پیاو چاکان و پیاوانی دەمامك داری هۆز بۆ سەماو خواردنەوە دێنە نێو کەس و کارەکانیان)[٨٥].

دیارە کۆمەڵێك هەڵسوکەوتی تریش هەیە بۆ مردوو بەڕێ کردن کە لەهەر پارچەیەکی جیهان بە شێوەیەکی تایبەتی بەڕێوە دەچێ، بەڵام ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەوە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم هەڵسوکەوتانەیە لەلای گەلی کورد جا بۆ ئەوەی لەم بارەوە بدوێین گەشتێکی خێرا دەکەین بەناو شێوازی هەڵسوکەوتەکان بەر لە ئیسلام و پاش ئیسلام و هەروەها لەلای ئاینزاکانی تری ناو کوردەواری پاشان دەچینە سەر هەندێك لەو بیروباوەڕانەی کە لە کۆنەوە لەسەر مردن و گۆڕستان هەبووە.

لەناو کوردە زەردەشتییەکان کە یەکێکیان لێ مردووە بەر لەوەی بیبەن بۆ دادگا بۆ ئەوەی بزانن مردووە یان نا، دەستی کەم چوار جار سەگ دیدییان کردووە واتە: پارچە نانێکیان لەسەر سینگی لاشەکەدا ناوەو چوار جار سەگێکی برسیان بردۆتە سەر لاشەکەی، جا ئەگەر سەگەکە پارچە نانەکەی خواردبێت نیشانەی ئەوە بووە کە مردووەکەیان گیانی لەدەست داوە، و ئەگەر نانەکەی نەخواردبێت زانیویانە کە گیانی تێداماوە، لەماوەی سێ شەوی یەکەمدا دوای مردنی کەسەکە موبیدێ یان دووان هەندێك نوێژیان کردووە گەلێ لە هاکانیان خوێندۆتەوەو زۆر بۆی پاڕاونەتەوە، دووبارە دوای نیوە ڕۆژی سێیەم لەبەر دەمی ئاگردانەکەیان دا جۆرە نوێژێکیان بۆکردووە کە پێیان وتووە (سید سەندوە سیرۆش – sid sed and sed Rosh) کە ئەمە ئەمرۆ ئەو زەردەشتیانەی لە هیندستان دەژین پێی دەڵێن نوێژی (ئاتە هەمن- Athahmum) بەم جۆرە لەو ماوەیەدا جگە لە نیسا سالاران- (مردوو شۆران) کەسی تر توخنی لاشەکە ناکەوێ، لەڕۆژی چوارەمی دوای مردنیشدا جۆرە ئاهەنگێکیان پێك هێناوە کە پێیان وتوە

(٨٤ ) گەڕان بەدوای نەمرییدا، ل١٠٦.

(٨٥ ) هەمان سەرچاوە، ل١٠٧.

(چەهارەم) دوای ئەوە لاەشەکەیان خستۆتە ناو دەستە نوێنێکی پاك و خاوێنەوە کە پێیان وتووە (سەدیر- sadir) یان جامەی ئیشۆداد (ueshodad jamy) و نوێژێکی تایبەتیان بۆ کردوون و خێریان بۆ کردووە، بەم جۆرە پاش شۆردنی مردووەکە لەلایەن نیسا سالارەکانەوە، مردووەکەیان بردۆتە شوێنێکی بەرزو ئەم کارەش هەر مردوو شۆرەکان کردوویانە و پێویست بووە ئەو شوێنە بڵندە بەرەو خۆر بێت هەروەها چاودێری ئەو لاشەیە دەکرا لەلایەن نیساسالاران تاکو باڵندەکان گۆشتەکەیان دەخواردو ئێسکەکەی وشك دەبۆوە پاشان ئەو ئێسکانەیان هەڵدەگرتەوەو دیانکردە ناو کوپە قەبرەوەو یانیش بۆ دۆخمەیان دەبرد[٨٦].

ئەوەی کە باسکرا لەبارەی زەردەشتیەکانەوە بوو، بەڵام هەر لەناو هۆزەکانی گەلی کورد کۆمەڵێك دیاردەی تر دەبیستین کە لەگەڵ دیاردەی مردندا ئەنجام دراوە،و یەکێك لەو نەریتانە (چەمەری گێڕان و کۆتەڵ)ە کە بەتایبەتی لەنێو کوردەکانی گۆران و کەڵوەڕ لەناوچەکانی ئیلام و کرماشان بەردەوامە ئەم داب و نەریتەش بێ شك ڕیشەیەکی زۆر کۆنی هەیە، دەگەڵ ئاینگەلی کۆنی شیوەن بۆ مردووەکان لە نێو ئیسلامی و ئێرانی و یۆنانی وسامییەکاندا یەکدەگرێتەوە[٨٧].

چەمەری گێڕان یەکێکە لەو نەریتانەی کە لەگەڵ مردندا ئەنجام دراوە جا بابزانین ڕێو ڕەسمی ئەم چەمەرییە چۆن بووە؟

چەمەری بەمانای (چاوەڕوانی) دێ هەروەها (چاو بە قوڕ) یا (چاو قوڕاوی) بەگشتی چەمەری شیوەنی بە کۆمەڵ و بە شێوەیەکی بازنەییەو نەریتێکی دێرینە مێژووەکەی نەزانراوە لە شێوەی شانۆنامەیەکی بازنەیی بەرجەستە دەبێ، وەکو سەمایەکی بە کۆمەڵە کە زیاتر لە هەڵپەڕکێیەکی هێمن و خەمناك دەچێ.

بە هاوکاری دەهۆڵ و سورنای خەمین و سرود و شیعری لاواندنەوە ئەنجام دەدرێ، ئەم نەریتە تەنها بۆ مەرگی پیاو بەڕێوە دەچێ ئەو پیاوەش دەبێ هەڵبژێردراو بێ و لای خەڵکی خۆشەویست بێت و بەدەگمەنیش بۆ مەرگی شێرە ژنان ئەنجام دەدرێ ئەو ژنانەی بەناوبانگ بوونەو ڕێزیان لێگیراوە.

(٨٦ ) ئاوێستا، ل ٨٩- ٩٠.

(٨٧ ) ئایینی چەمەری و شیوەن، حیران لوتفی نیا، گ؛ رامان، ژ٥٥، هەولێر، ٢٠٠١.



جا ئەم چەمەری گێڕانە پاش ناشتنی مردووەکە دەبێ و ماڵی مردووەکە لەپاش ناشتن بۆ چەمەری خۆیان حازر دەکەن و بانگێشتی خەڵك و دراوسێ و هاوڕێ و خزم دەکەن هەروەها بانگی سرود و شیعر خوێن و سورناژن و دەهۆڵ کوت دەکەن و بەدوای ئەو ئافرەتە دەنگ خۆشانەدا دەنێرن کە لە پرسەو چەمریدا تایبەتن بە لاواندنەوە کە پێیان دەوترێ ڕۆچی.

پاشان بۆ چەمەری شوێن دیار دەکرێ و بۆ ژنان و بۆ پیاوان ڕەشماڵ هەڵدەدرێ ڕایخ و خواردن حازر دەکرێ لەسەرەتادا سەرانی بنەماڵەمەکە دەبنە لێژنەو پێشوازی لەمیوانەکان دەکەن و بەرگی ماتەمینی لەبەر دەکەن و ناوچەوان و سەرشانیان بە قوڕ دەکەن جا بە دووبارەکردنەوەی (هەی داد- هەی بێ داد.. هەی دای... هەی بێ دای... ) بەخێرهاتن لەمیوانەکان دەکەن و ئەوانیش هاو خەمی خۆیان دەردەبڕن و بەناوی پرسانەوە هاتووان دیاری وەك مەڕو بزن لەگەڵ خۆیاندا دێنن بۆ ماڵی مردووەکە.

تازە هاتووان لەو قوڕاوەی بۆ چەمەرییەکە ئامادەکراوە ناوچەوان و سەرشانی خۆیان دەقوڕ دەنێن ئافرەتانیش بە عەبایەکی ڕەشەوەو بە سەمایەکی تایبەتی و بە (وای وای وەی وەی) یەوە دێنە پێشەوە ئەمەش تێکەڵ بە دەنگی دەهۆڵ و سورنا و دەنگی لاواندنەوە کە هەستێکی دڵتەزێن دەخولقێنێ هەروەها تۆنی ئاوازەکەش لەگەڵ شێوازی دەم و چاو ڕنین و لە خۆدانی ژنەکاندا دەگۆڕێ، پاشانیش ئەوانەی چەمری دەگێڕن وەکو بازنەیەك کۆدەبنەوەو کۆتەڵی مردووەکە دەخەنە سەر ئەسپێك و بەناو خەڵکەکەدا دەیگەڕێنن بەشین و لاواندنەوەو ئەم ڕێ و ڕەسمە سێ ڕۆژ دەخایەنێ و پاشان لەڕۆژی سێیەمدا پیرەمێردێك کۆتەڵەکە بەسەر ئەسپەکەوە دەکاتەوە ئەوەش نیشانەی کۆتایی هێنانە بە چەمەرەیەکە و شایەنی باسە هەندێ جار ئەگەر مردۆکە خۆشەویست بێت و بەناوبانگ بێت لە چەند شوێنێك چەمەری بۆ دەگرن و ئەو مەراسیمە دووبارە دەکەنەوە[٨٨].

دیارە ئەوەی باسکرا شێوازێکی گشتی بوو بۆ چەمەری گێڕان، بەڵام چەمری گێڕانیش لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە ئەمڕۆ دەنێو ئیلامی و کرماشانییەکاندا گۆنارنین بۆ ئافرەتان حەرام کراوەو هەروەها پیاوانیش وەکو پێشا خۆیان نارنن و بەگشتی ئایینی تازییە باری دەنێو زۆربەی گەلانی کورددا سێ ڕۆژە گوایە هۆی ئەوەش بۆ پیرۆزی ژمارە سێ دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ سێ

(٨٨ ) مێژووی مۆسیقای کوردی، محەمەد حەمە باقی، دەزگای ئاراس، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٨٠-١٨٥.

